بسم الله الرحمن الرحيم

## پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ٢٩ ) :


| لاپەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | فێرخوازی بەڕێز نەهێشتنی ئیرهاب بەرپرسیارێتی ئاینی تۆیە... | سەرنوسەر |
| ٣ | گرفتەکان لە چیدان؟ | فلاح حسن |
| ٤ | سزای شوکرنەکردن | سامان جبرئیل |
| ٥ | با چاو لە پێشینە چاکەکانمان بکەین | إدريس محمود |
| ٦ | رێگە چارە | حيدر عدنان |
| ٧ | من تاوانبارم، ئەمر بەچاکە و نەهی لە خراپە ناکەم! | پشتیوان حسن |
| ٩ | دە چرپە بۆ گوڵەکانی کۆمەڵگا تا وشکنەبونەتەوە... ﴿بەشی یەکەم﴾ | ڕێناس محمد |
| ١١ | با ئاگاداری ئەم جۆرە گوفتارانە بین | سۆران عثمان |
| ١٢ | لە گۆڕستان چیم بینی؟ | جليل إبراهيم |
| ١٣ | کچ و کوڕ ، ئایا یەکسانن؟! | بلال جلال |
| ١٥ | بۆ هەموو خوشکێك | هێرۆ حیدر |
| ١٦ | گەنجان و بانگەواز | هێمن ملا کریم |
| ١٨ | مانای «الْقَوَامَةَ»:سەرپەرشتی پیاو بۆ ئافرەتو خێزان | کاوە أکرم |
| ٢٠ | دەردی خۆدەرخستن .. پەیکەرێکی ناوخۆییەو پێویستە تێکبشکێندرێت.. | جیهاد قادر |
| ٢٢ | نوسینەوەی فەرمودە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) | ئومێد حەمزە |
| ٢٣ | ئومێدت بە ڕەحمی خوای گەورە هەبێت و لە سزاکەشی بترسە | محمد نجم |
| ٢٤ | تا ئێستا ئەمەت زانیوە؟ | زانست |


**تێبینی** : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بڵاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگیراوە ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت .

بە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان بڵاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .

بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی : www.ba8.org بکە.


سەرنووسەر :

**عدنان بارام . دەرچووی عەرەبی . صلاح الدين .**

**دەستەی نووسەران :**

**جیهاد قادر**/ فێرخوازی ماستەر — ز . قاهیرە

**بلال جلال** / دراساتی ئیسلامی

**هێمن عبدالکریم** / دەرچووی کۆمپیوتەری هەولێر.

**پشتیوان حسن** /دەرچووی ز.ئینگلیزی ، سلێمانی

تیراژ : ٤٥٠٠ دانە

# فێرخوازی بەڕێز (( نەهێشتنی ئیرهاب ))
# بەرپرسیارێتی ئاینی تۆیە ، پێش هەموو تاکەکانی تری کۆمەڵگا

لەلای هەموان ئاشکرایە کە " ئیرهاب " یەکێکە لە گەورەترین ئەو کێشە و قەیرانانەی کە ناوەندە رامیاری و ڕۆشنبیری و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەرقاڵ کردووە ، بگرە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە هەموو چین و توێژ و ئاین و ئاراستە و جیاوازی ئایدۆلۆژیەت و پرۆگرامەوە سەرقاڵ کردوون ، وڵاتانی ئیسلامیش وەکو هەموو وڵاتانی تری جیهان بێ بەش نەبوونە لەم کارە ناپەسەند ونادروست ودڕندانەیە .

باشترین پێناسەش کە بۆ ئەم ووشەیە بووترێت ئەوەیە کە : " ئیرهاب " : وشەیەکی یەك شێوەیە و چەند واتایەکی جیاواز و فرەچەشن دەگرێتەوە و بەرجەستە دەبێت لە ترساندن و تۆقاندنی کەسانی بە ئارام و لە ئاسایشدا ژیاو لە ژینگەی خۆیاندا ، هەر بەمەشەوە ناوەستێت بەڵکو دەگاتە ڕشتنی خوێنی کەسانی بێ تاوان ، و بە فیڕۆدان و لە ناودانی دارایی و سامانێك . کە دەست درێژی کردنە سەریان قەدەغە کراوە . ، لە گەڵ هەتك کردنی ناموس ئابڕو و نانەوەی دووبەرەکی ، و پاشان گۆڕینی نیعمەتەکانی پەروەردگار و جێگرتنەوەی بە ئاشوب و ناهەمواری و گەندەڵی !! " ( الإرهاب وأثره على الفرد والمجتمع ، للشيخ زيد بن محمد بن هادي المدخلي ، ص١٠ ) .

**خۆتەقاندنەوە و تەقینەوەش کوشتنی کەسانی بێ تاوان** ... لەو کردارانەن کە دەچنە ناو شوڵی ( ئیرهاب ) ـەوە ، چونکە ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم کردارانە و بەراوردیان بکەین لە گەڵ پێناسەی پێشومان بۆ ئیرهاب دەبینین ئەم دوو کردارە بریتین لە :

* ترسان و تۆقاندنی کەسانێکی بە ئارام و ئاسایش ژیاو لە ژینگە و بواری ژیانیاندا . * خوێن ڕشتنی کەسانی بێ تاوان . * لە ناودانی سامان و داراییەکان . * نانەوەی دووبەرەکی لە نێوان گەلان و نەتەوەکان . * بەرپاکردنی ئاشوب و ناهەمواری و گەندەڵی و جێگیربونیان لە جیاتی نیعمەتەکانی خوای پەروەردگار .

بەڵام ئەگەر بڕوانینە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەوا دەبینین بە هەموو شێوەیەك بەرهەڵستی گەندەڵی و کوشتار و ئاشوب نانەوە بووەتەوە و چەندەها ئایەتی قورئانی پیرۆز باس لەو بابەتانە دەکات ، بۆ نمونە خوای پەروەردگار فەرمویەتی : ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ﴾ ( البقرة : ٢٠٤ . ٢٠٥ ) .

وە دەبینین کوشتنی کەسێکی بێ تاوانی بە هاوشێوە و هاوچەشنی کوشتنی هەموو خەڵکانی سەر زەوی داناوە ، هەروەکو فەرمویەتی : ﴿مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا﴾ ( المائدة : ٣٢ ) .

پێغەمبەری میهرەبانێتیش ( محمد ) ﷺ لە زۆر لە فەرمودەکانیدا گەورەیی کوشتنی بڕوادارانی ئاشکرا کردووە ، هەروەك فەرمویەتی : " قَتْلُ الْمُؤْمِنِ أَعْظَمُ عِنْدَ اللهِ مِنْ زَوَالِ الدُّنْيَا " ( صحيح سنن النسائي ، برقم : ٣٩٨٨ ) ، واتە : کوشتنی بڕوادار گەورەترە لە لای خوای پەروەردگار لە لەناوچوونی هەموو دونیا .

وە فەرموویەتی : " لا يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أنْ يُرَوِّعَ مُسلماً " ( صحيح سنن أبي داود ، برقم : ٥٠٠٤ ) ، واتە : حەڵاڵ و ڕەوا نیە موسڵمان موسڵمان بتۆقێنێت .

جا کە ئەم ڕاستیەمان زیاتر لە لا ئاشکرا بوو ، دەبێت ڕۆڵی هەموو تاکێکی ئێمەی موسڵمان : نەهێشتنی ئەم نەخۆشیە کوشندانەی کۆمەڵگا بێت ، بەوەش بەختەوەری بۆ گەڵ و نیشتمان و مرۆڤایەتی دابین دەکەین . وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

سەرنووسەر

## گرفتەکان لە چیدان ؟

ئەو کاتەی کە چینیە کۆنەکان ویستیان بە ئارامی بژین و پارێزگاری لە خاك و وڵاتیان بکەن ، بڕیاریان دا کە دیوارێکی بەرز و سەخت دروست بکەن، کە بە دیواری مەزنی چین ناسراوە ، بۆ ئەوەی ببێتە لەمپەر لە بەردەم دوژمنان و ڕێگر لە هاتنە ناوەوەی داگیرکەران. کەچی لە ماوەی سەد ساڵی دوای بنیاتنانی ئەم دیوارە مەزنە سێ جار تووشی هێرشی دوژمن و داگیرکەران بوون و لە هیچ لەم هێرشانەدا ئەو هێزانە پێویستیان بە ڕووخان و کونکردن یان پیاهەڵگژانی دیوارە مەزنەکە نەبوو ، بەڵکو هەموو جارێ لە دەرگاکانەوە و بە شێوەیەکی ئاسایی دەهاتنە ژوورەوە !

دەزانن بۆ چی؟

چونکە هەر هێزێکی داگیرکار کە دەهات بڕە پارەیەکی (بەرتیل ) دەدا بە دەرگاوان وپاسەوانی دەرگاکە و بە ئاسانی دەچوونە ژوورەوە !

چینیەکان زۆر ماندووبوون لە بنیاتنانی ئەو دیوارە مەزنە کەچی شتێکی گرنگتریان لە بیر کردبوو کە ئەویش بنیاتنانی پاسەوانەکان بوو !

هەر بۆیە دەبێت ئەوە بزانین کە بنیاتنانی مرۆڤەکان لە پێش بنیاتنانی هەموو شتێکی ترەوەیە ،ئەمەش ئەو ڕاستییەیە کە پێویستە هەمووان بیزانن و کاری بۆ بکەن وبیکەنە بەرنامەی کاریان لە هەموو قۆناغ و لە گشت بوارەکاندا.

یەکێك لە ڕۆژهەڵاتناسان دەڵێت : بۆ ئەوەی هەر شارستانیەتێك کۆنترۆڵ بکەیت و بڕوخێنێت ، ئەوا سێ هۆکار هەیە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە :

ڕووخاندنی خێزان .

ڕووخاندنی پرۆسەی خوێندن .

ناشرینکردن و لەکەدارکردنی کەسە سەرمەشق و جێ متمانەکان.

بۆ ئەوەی خێزان بڕوخێنێت دەبێت ڕۆڵی دایك وون بکەیت یان لە ئەرکی سەرەکی خۆی دووری بخەیتەوە بە شێوەیەك کە شەرم بکات لە دەستەواژەی ( ژنی ماڵەوە ) .

وە بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێندن بڕوخێنێت دەبێت ڕۆڵی مامۆستا لە کومەڵگادا کەم بکەیتەوە و مامۆستا بێ نرخ بکەی لە لای فێرخوازەکان .

وە بۆ ناشرینکردنی کەسە سەرمەشقەکان دەبێت لە زانایانەوە دەست پێ بکەیت ، بەوەی کە ڕێزیان بۆ نەهێڵیت و گومانیان لەسەر دروست بکەیت تا ئەو کاتەی کە کەس گوێیان لێ نەگرێت و هیچ حیساب بۆ قسەیان نەکرێت .

جا ئەگەر دایکی ژیر بوونی نەبێت بۆ بەخێوکردنی نەوەکان و لە خوێندنگاش گوێ لە مامۆستا نەگیرێت و بە سووکی سەیربکرێت و پاشانیش سەرمەشق و زانا هیچ بوونی نەبێت لە ژیانی کەسەکان کە پرسی پێ بکرێت و چاوی لێ بکرێت لە ژیاندا ، ئەگەر توانیت هەموو ئەمانە ئەنجام بدەیت ئەوە گەورەترین شارستانیەت لە کەمترین ماوەدا دەڕوخێنێت .

پێم وابێ ئێستا هەموومان وەڵامی ناونیشان و پرسیاری سەرەتامان دەست کەوتووە .

**فلاح حسن / زمانی ئینگلیزی**

**پێشەوا حەسەنی بەصری ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت :**

**(( أدركت أقواماً لم تكن لهم عيوب فتكلموا في عيوب الناس فأحدث الله لهم عيوباً.. وأدركت أقواماً كانت لهم عيوب فسكتوا عن عيوب الناس فستر الله عيوبهم ))**

**واتە : خەڵکانێکم بینی کەموکوڕییان نەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی باسی کەموکوڕی خەڵکیان دەکرد خۆیان توشی عەیبە و کەموکوڕی بوون ، وە خەڵکانێکی تریشم بینی کە سەرەڕای ئەوەی کەموکوڕیان هەبوو بەڵام باسی کەموکوڕی خەڵکیان نەدەکرد خوای گەورە کەموکوڕییەکانی بۆ پۆشین .**

# سزای شوکر نەکردن

براکان خوای پەروەردگار لەکتێبە پیرۆزەکەیدا ( قورئان) نمونەی شارێکمان بۆ باس دەکات کە شوکری پەروەردگاریان نەکرد لە بەرامبەر نیعمەتەکانی کە چی بەسەرهێنان ,خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً قَرْيَةً كَانَتْ آمِنَةً مُطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَداً مِن كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللَّهِ فَأَذَاقَهَا اللَّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ بِمَا كَانُوا يَصْنَعُونَ﴾ (النحل ١١٢-١١٣). واتە : خوای گەورە نمونەی ئەو شارە دەهێنێتەوە کە ئاسایش وئارامی باڵی بەسەرا کێشابوو وە ڕزق و ڕۆزی بە ئاسانی بە بێ گرفت لە هەموو لایەکەوە بۆ دەهاتن ، بەڵام ئەوان کوفریان کرد بەرامبەر نیعمەتەکانی خوای گەورە ناشوکربوون بۆیە خوای گەورەش بەرگی برسێتی و ترسی کردە بەریان وسزای دان بەهۆی کردەوەکانی خۆیانەوە.

وە خوای گەورە لەناو خۆیان پێغەمبەری بۆ ناردن بەڵام ئەوان بەدرۆیان خستەوە(کوفریان کرد لەبەرامبەر ئەو نیعمەتە گەورەیە) خوای گەورەش سزایدان لە کاتێکدا ئەوان ستەمکاربوون .

بەڕێزەکان سزای ناشوکری (کوفری نیعمەت) زۆر سەختە ئەگەر بزانی خوای پەروەردگار بەس نیعمەتی ئارامیمان لێ بسێنێتەوە ( کە هەر هەموو کۆمەڵگایەك بەبێ ئارامی ژیانیان پێ نابرێت بەڕێوە وپێویستی پێیەتی ) بەڕاستی ژیان لە هەر هەموومان تاڵ دەبێت جا ئەگەر دوژمنمان بەسەرا زاڵ بکات کە کەس نەتوانێت خواپەرەستی وکاروکاسپی خۆی بکات بە ئیسراحەتی خۆی هەر لەژێر چەپۆکی دوژمن بچەوسێتەوە یان سزایەکی وەك زەوی لەرزین کە ماڵەکانی خۆمان لەپێش چاو بکەوێت نەتوانین لەماڵی خۆت بەدڵی خوت بمێنیتە و پشوی تیا بدەی ئەوماڵەی کە تەمەنێکت بۆ سەرف کردووە تا بەدەستت هێناوە بارەی زۆرت تیا خەرجکردووە تادروستت کردووەو دەبێت بە دوژمنت سودی چیە بۆت ئەگەر ئەمن وئەمانت نەبێت . براو خوشکە بەڕێزەکان دەبا پێش ئەوەی توشی ئەوانە ببین بگەڕێینەوە بۆ لای خوای گەورە و شوکری بکەین. ئەگەر بیر لەو ئایەتە پیرۆزانە بکەینەوە کە بە هۆی چیەوە ئەوخەڵکە سزادران هەمان ئەو شتانە لەناو خۆماندا بەدی دەکەین جا زۆر یان کەم، ئایا کەم کەس هەیە لە ناو ئێمەدا لەجیاتی شەونوێژ کردن خەریکی کات بەسەر بردن ونامە گۆڕینەوەیە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئاوا سوپاسی ئەو ئارامیە دەکەیت کە خوای گەورە پێتی بەخشیوە! یان چەندەها کەس هەیە لە ناو ئێمەی موسڵماندا ڕەخنە دەگرێت لە دینەکەی و خۆیشی بە موسڵمانێکی دڵپاك دەزانێت ئەی ئاوا پاداشتی نیعمەتی ئەو دینە پاکەت دەدەیتەوە! یان چەندین کەس هەیە وادەزانێ کە ئەو ماڵ وپارەو زانست و زانیاریەی هەیەتی دەڵێ خۆم بەزیرەکی خۆم یان لە باوباپیرانمەوە بۆم ماوەتەوە لەبیری چووە کە زیرەکی خۆی و باوباپیرانیشی هەر خوای گەورە پێی بەخشیوە. خوای گەورە ئەفەرموێ : ﴿وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِنْ شَكَرْتُمْ لأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِنْ كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ﴾( إبراهيم : ٧) واتە: پەروەردگارتان ئاگادارتان دەکاتەوە ئەگەر شوکری (نیعمەتەکان) بکەن ئەوا لەسەرتان زیاد دەکات بەڵام ئەگەر کوفری (نیعمەتەکان) بکەن ئەوا سزای خوای گەورە زۆر توندە (سزاتان دەدات بە لێسەندنەوەی نیعمەتەکانی).



براکانم بێ گومان هەر نیعمەتێك دەبینی لە نیعمە تەکان هی خوای پەروەردگارتە بەسەرتەوە بۆ ئەوەی شوکری بکەیت وڕێزی نیعمەتەکەش بگری نەوەك پێی نەزانی و سەرباری شوکرنەکردنەکەشت تاوان و سەرپێچی بەنیعمەتەکانیەوە بکەیت. **سامان جبرئیل / دەرچووی ئینگلیزی - هەولێر**

# با چاو لە پێشینە چاکەکانمان بکەین

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله

مرۆڤ (بەتایبەتیش موسڵمان) دەبێت هەمیشە چاو لەکەسانی لەخۆی چاکتر بکات و هەوڵبدات وەکو ئەوان بێت و ڕێگەی ئەوان بگرێتەبەر ، وە خۆی بپارێزێت لەخۆ بەچاك زانین بەراورد بە کەسانی خراپ واتە نەڵێت من بەراورد بەو کەسانەی پیاوکوژ و خراپە کارن کەسێکی چاك و دیندارم ، بەڵکو خۆی لە تەرازووی قورئان و سوننەت بدات و بزانێت ئایا بە پێی دەقەکان کەسێکی دینداره ، ئەگەر وابوو شوکری خوا بکات و تووشی لە خۆ بایی بوون نەبێت ئەگەر واش نەبوو ئەوا هەوڵ بدات و بێ ئومێد نەبێت ، بەکورتی دەمەوێت بڵێم (کەسێك چاکە کە دەقەکانی قورئان و سوننەت جێ بە جێ بکات و چاو لە پێشینە چاکەکان بکات لە پێغەمبەران و پیاوچاکان ) .

جا یەکێك لەو بابەتانەی کە پێشینە چاکەکانمان نمونەی زۆر جوانیان تێدا تۆمار کردووە : خوێندنەوەو کارپێکردنی قورئانە وەکو لەم چەند نموونەیەی خوارەوەدا تیشکی دەخەینە سەر :

١- عن أبي سلمة قال : كان عمر إذا جلس عنده أبو موسى ، ربما قال له : ذكِّرنا يا أبا موسى فيقرأ .

واتە : ئەگەر عومەر ئەبو موسا لە لای دانیشتبایە پێی دەوت : بیرمان بخەرەوە ئەی ئەبو موسا ئەویش دەستی دەکرد بە قورئان خوێندن .[السير (تهذيبه)١/٢٨٠]

ئایا کە دەگەیت بە هاوڕێکانت بەم شێوەیەیت، و دانیشتنەکانت بە باسە ئاینیەکان و قورئان خوێندن ڕووناك دەکەیتەوە ؟ ئەگەر وانیت هەوڵ بدە وابیت .

٢- عن ابن عباس قال : لأن أقرأ البقرة في ليلة وأتفكّر فيها أحبُّ إلي من أن أقرأ القرآن هذْرمةً .[صفة الصفوة ١/٣٧٢]

واتە : ئەگەر لەشەوێکدا تەنها سورەتی بەقەرە بخوێنم پێم خۆشترە لەوەی هەموو قورئان بەپەلە بخوێنم .

تۆش هەوڵ بدە و چاو لەم پێشینە چاکەت بکە، با کاتێك قورئان دەخوێنیت خەمت کۆتایی هاتنی سورەتەکە نەبێت، بەڵکو خەمت ئەوە بێت تا چەند ئایەتەکان کاریان تێکردوویت بۆ چاکتربوون .

٣- قرأ تميم الداري في المسجد بعد أن صلى العشاء بهذه الآية : ﴿وَهُمْ فِيهَا كَالِحُونَ﴾ (المؤمنون: ١٠٤) فما يخرج منها حتى يسمع أذان الصبح . [موسوعة ابن أبي الدنيا ١/٢٥٧]

واتە : ( تميم الداري ) لە پاش نوێژی عیشا لە مزگەوتدا تاوەکو بانگی بەیانی ئەم ئایەتەی دووبارە دەکردەوە ﴿وَهُمْ فِيهَا كَالِحُونَ﴾.

ئایا تۆ لەو کەسانەیت شەو بە شەونوێژ و قورئان خوێندن زیندوو دەکەیتەوە یان پەنا بە خوا نەك شەونوێژ ناکەیت بەڵکو نوێژی بەیانیش لەگەڵ نوێژی چێشتەنگاودا دەکەیت ؟

ئەگەر ئەوەی دووەمیانە وریابەرەوە چونکە هێشتا کاتت ماوە بەڵام پەلە بکە چونکە مردن لە ناکاو دێت .

٤- (عەمری) کوڕی (عبدالرحمن)ی کوڕی (محيرين) دەفەرموێ: ( ابن محيريز )ی باپیرم هەموو هەفتەیەك قورئانی خەتم دەکرد .[الحلية (تهذيبه)١/٤٩٣]

ئایا تۆ لە چەند ڕۆژدا قورئان خەتم دەکەیت ؟ هەوڵ بدە خۆت ڕابهێنێت لەسەر زۆر قورئان خوێندن، چونکە بازرگانیەکی ڕزگارکەرە .

٥- (ابن وهب) دەفەرموێ: بە خوشکی مالیکی کوڕی دیناریان وت : مالیك لە ماڵەوە بە چیەوە سەرقاڵە ؟ ئەویش وتی : قورئان خوێندن . .[السير (تهذيبه)٢/٧٣٦]

ئایا تۆ لەماڵەوە خەریکی چیت ؟ قورئان خوێندن یان..

خۆشەویستانم ئەم نموونانەی باسم کرد نمونە گەلێك نین ڕۆیشتبن و ئێستا شتی وا نەبێت ، نەخێر سوێند بە پەروەردگاری کەعبە ئێستاش لەم نموونە جوانانە هەیە و ماوە، جا با من و تۆش لەوکەسانە بین و هەمیشە هەوڵی چاکتر بوون بدەین و بەخراپی و نزمی ڕازی نەبین ، وەکو وتراوە : (ئەوەی بەرزی بوێت بە بێ ماندوبوون، ئەوە شتێکی مەحاڵی ویستوە) .

وصلى الله على نبينا محمد

إدريس محمود – دەرچووی یاسا - سلێمانی

## ڕێگە چارە

بەناوی خوای گەورەی تاك و بێ هاوەڵ، سلاَوت لێبێت خوێنەری بەڕێز...ڕۆژانە هەست بە قورسی کاروبارەکانت دەکەی، بەرەنگاری کۆسپی سەخت دەبیتەوە لە ئەنجامدانی کارەکانت ، زۆر جار خەمۆکی و نیگەرانی ڕووت تێدەکات،زۆرجار بیر لەوە دەکەیتەوە کە داوای یارمەتی لە برادەرەکانت بکەیت،دانیشی لەگەڵیدا و کێشەکەی خۆتی بۆ باس بکەیت و دەردە دڵی لەگەڵدا بکەیت ، بۆ ئەوەی کارەکەت بۆ ئاسان بکات یان کێشەکەت بۆ چارەسەر بکات،یان هەندێ جار کارێکی باش یان پڕۆژەیەکی نایاب لە مێشکتدا هەیە و پێت خۆشە ئەنجامی بدەیت بەڵام بەربەست وکۆسپ لە ڕێگا دا هەیە بۆیە لێی بێزار دەبیت وازی لێ دەهێنیت،ئەمەو هەر کێشەیەکی تر کە قەبارەی هەرچەند بێت ڕێگە چارەسەرەکەی ؟.... تۆ لەو کەسانەی کە هەمیشە هەموو هانا و هاوارێکت ئاراستەی مرۆڤەکان کردووە بۆ ئەوەی ڕزگارت بێت ئایا ئەوە ئەو پەڕی چارەسەرە لای تۆ...ئەی تا ئێستا هانا و پەنات بۆ دروستکار و پەروەرگاردت بردووە ، ئایا هانت بردووە بۆ هەڵسوڕێنەری کاروبارەکانی گەردوون کە خۆر و مانگ یەك (ملم) بەبێ ئیزنی ئەو ناجوڵێتەوە، بیرت لەوە کردووەتەوە کاتێك کێشەیەکت هەبووە لە سێ یەکی شەو هەستی لە خەو و دوو ڕکات نوێژ بکەیت پاشان دەستی هانا و هاوارت بۆ خوای بە توانا بەرز بکەیتەوە تا کارەکەت بۆ ئاسان بکات و کێشەکەت بۆ چارەسەر بکات ،دەزانی خوای گەورە هەموو شەوێك لە سێیەکی شەو دادەبەزێتە ئاسمانی یەکەم (دابەزینێك کە شایستەی خۆی بێت)بانگ دەکات کێ داواکاریەکی هەیە بۆی جێبەجێ بکەم ،کێ پێداویستیەکی هەیە بۆی دابین بکەم ... بەو شێوەیە تاوەکو فەجر دەردەچێت .

باوەڕداری ئازیز: نزا و پاڕانەوە خۆی بۆ خۆی عیبادەتێکی گەورەیە هەر وەکو پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت : ( الدُّعَاءُ هُوَ الْعِبَادَةُ ) صَحِيح الْجَامِع (٣٤٠٧)

واتە: پاڕانەوە لە پەروەردگار گەورەترین پەرستش و عیبادەتە. وە هەروەها دەفەرموێت : (أَفْضَل الْعِبَادَة الدُّعَاء) صَحِيح الْجَامِع (١١٢٢) واتە: چاکترین پەرستش پاڕانەوە لە پەروەردگار.

وە بەڕێزترین کردەوەیە لای پەروەردگار هەر وەکو پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (لَيْسَ شَيْءٌ أَكْرَمَ عَلَى اللَّهِ تَعَالَى مِنَ الدُّعَاءِ) صَحِيح الْجَامِع (٥٣٩٢) .

واتە: هیچ شتێك نییە لەناو کردەوەکاندا پیرۆزترو بەڕێزتربێت لای پەروەردگار لە پاڕانەوە لێی.

بۆیە دەبێت لە هەموو بارێکدا خوای گەورەمان لە یاد بێت وهانای بۆ بەرین ،بۆ ئەوەی ڕزگار بین لە دونیا ودوا ڕۆژیشمان ، خوای گەورە بەرەکەت بخاتە تەمەنمانەوە و عیبادەتەکانمانیش لێ قبوڵ بکات ..آمین

**حیدر عدنان کریم/ پزیشکی دەرمانساز**

### زانای ڕاڤەکاری قورئان
### ( الشيخ عبدالرحمن ناصر السعدي)
### ڕەحمەتی خوای لێ بێت فەرمویەتی :

* هەرکەسێ وازبهێنێت لە بەندایەتی بۆ پەروەردگاری" ئەوە دەکەوێتە داوی بەندایەتی کردن بۆ غەیری خوا !.

* وە هەر کەسێ واز بهێنێت لە خۆش ویستني خوا و تەنها لەو ترسان و ڕەجاکردن لێی " ئەوە توشی ترسان و ڕەجا لێ کردن و خۆش ویستني غەیری خوا دەبێت !.

* وە هەر کەسێ ماڵەکەی لە ڕێگای خوادا نەبەخشێت" ئەوە بەناچاری لە ڕێگای شەیتان سەرفی دەکات !.

* وە هەر کەسێ زەلیلی بۆ پەروەردگاری نەنوێنێت " ئەوە ناچار زەلیلی بەندە گەلێك دەبێت !.

* وە هەر کەسێ واز لە حەق بهێنێت " ئەوە توشی ناحەق دەبێت !.

# مـــن تاوانبارم، ئەمر بەچاکە و نەهی لە خراپە ناکەم!

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

بەڕێزان و خوێندکارانی ئازیز و پەرۆش بۆ ئیسلام: زۆر جار لەلایەن خەڵکەوە یان لەلایەن برادەرو دۆستی هەموومانەوە ئەو وتەیە بەرگوێمان دەکەوێت، کەکەسانێك دەڵێن: مادام من خۆم تاوانبارم و گوناه دەکەم ئیتر من شایستەی ئەوە نیم دەعوەو بانگەواز بۆ شەرعی خوا بکەم! هەر بۆیە ئەو ئەرکە لەسەر شانی خۆم لادەبەم و با خەڵکانێکی تر بەو کارە هەستن! ئەو کەسە بەم قسانەی وەکو بڵێی تەنها ئەو تاوان دەکات و بیری چووەتەوە کە هەموو ئادەمیزادێك تاوان دەکات بەڵام چاکترینی تاوانکاران ئەوانەن کە تەوبە دەکەن وپەشیمان دەبنەوە.

لەڕاستیدا ئەم دیاردەیە پێویستی بەهەڵوێستە لەسەرکردن هەیە و دەبێت خەمخۆرانی ئیسلام و لاو و گەنجەخوێن گەرمەکانی لەسەر وریابکرێتەوە بۆ ئەوەی خۆیان نەدزنەوە لەئەرکی بانگەوازکاری بۆ ئەو ئاینە حەق وڕاستەو مەبەست و ئامانجی شەیتان بەجێ نەهێنن بەوکارەیان.




بۆیە حەزم کرد لەمجارەی بڵاوکراوەکەتان بڵاوکراوەی (زانست)ئەم بابەتە بوروژێنم و بە فەرموودەو قسەو هەڵوێستی پیاوچاکانیش بابەتەکە دەوڵەمەندتر بکەم و کەمترین قسەی خۆمی تێدابێت، وەکو خۆی بۆتانی بگێڕمەوەو بابزانین حاڵی پیاوچاکانی پێشوو لەسەر ئەم پرسە چیەو چۆن بووە و ئیتر ئێوە خۆتان دادوەروی خۆتان بن:

عن أبي هريرة رضي الله عنه، عن النبي ﷺ، قال: " لو لم تُذنبوا لذهب الله بكم، ثم جاء بقومٍ يذنبون ثم يستغفرون فيغفر لهم"(مسلم: ٢٧٤٩). واتە: پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: ئەگەر ئێوە تاوان نەکەن ئەوا بەدڵنیاییەوە خوا لاتان دەبات، پاشان گەل و کۆمەڵێکی تر دەهێنێت تاوان و گوناه دەکەن وپاشان داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەن و خوایش لێیان خۆش دەبێت.

لەگەڵ هەموو ئەمەشدا دەبێت وپێویستە لەناو خەڵکدا کەسانێك هەبن فەرمان بەچاکەو ڕێگری لەخراپە بکەن، وئامۆژگاری بکەن و یادی خەڵك بهێننەوە، چونکە ئەگەر تەنها کەسی مەعصوم وبێ تاوان فەرمان بەچاکە بکات ئەوا لە دوای پێغەمبەر کەس بۆی نیە بانگەواز بکات چونکە کەس مەعصوم نیە لەپاش ئەو ﷺ .

بە حەسەنی بەصریان وت: فلانەکەس ئەڵێت من ئامۆژگاری خەڵکی ناکەم، چونکە دەترسم شتێك بڵێم و ئەنجامی نەدەم. حەسەنی بەصریش فەرمووی: ئەی کامتان ئەوەی دەیلێت جێ بەجێی دەکات؟! شەیتان خوازیارە بگات بەم ئاواتەی، کە کەس فەرمان بەچاکە نەکات و ڕێگریش لەخراپە نەکات. (فيض القدير(٥/٥٢٢))

مالك لەڕەبیعەوە دەیگێڕێتەوە کە سەعیدی کوڕی جوبەیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت ووتویەتی: ئەگەر کەسێك فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە نەکات هەتا تاوان نەکات، ئەوا وای لێ دێت کە ئامۆژگاری تەنها کەسێکیش نەکات! مالکیش ووتی: ئەو قسەیە ڕاستە، چونکە کێ هەیە تاوان نەکات؟!

عومەری کوڕی عبدالعزیز ڕەحمەتی خوای لێ بێت ڕۆژێك ووتاری دەدا، لە ووتارەکەیدا فەرمووی: من ئەم ووتانە دەڵێم و ئەوەندەی تاوانی خۆم دەزانم، نازانم کەسی تر ئەوەندە تاوانی هەبێت، بۆیە داوای لێخۆشبوون لەخوا دەکەم و پەشیمان دەبمەوە لەو تاوانانەم.

یاخود جارێکیان نووسراوێك دەنێرێت بۆ هەندێك لە

نوێنەرەکانی لە هەندێك شارو ناوچە کەکاربەدەست بوون، ئامۆژگاری دەکات و لە کۆتاییدا دەڵێت: من بەمە ئامۆژگاریت دەکەم، لەکاتێکدا خۆم تاوان و گوناهێکی زۆرم لە نەفسی خۆم کردووە، و کاروباری زۆریشم بەناتەواوی ئەنجام داوە، وە ئەگەر کەسێك ئامۆژگاری برایەکەی نەکات هەتا خۆی تاوان نەکات و کاروباری بەبێ کەموکورتی ئەنجام نەدات، ئەوا خەڵکی پاڵی لێ دەدەنەوە لەسەر ئەو چاکانەی کەکردوویانە، و ئەرکی فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپەش لەکاردەکەوێت و کەس ئیشی پێ ناکات، و ئەو کاتە دەست بۆ حەرام کراوەکان دەبرێت بەئاسانی و ئامۆژگاریکاران و بانگخوازانی ڕێگەی خوا کەم دەبنەوەو تیادەچن لەسەر زەویدا، چونکە لەڕاستیدا شەیتان و شوێنکەوتووانی خوازیارن کەس فەرمان بەچاکە و نەهی لەخراپە نەکات لەکەسێك، وە ئەگەر کەسێکیش فەرمان بەچاکە بکات ئەوا عەیبدارو لەکەداری دەکەن بەو تاوانەی کە کردوویەتی و ئەوەشی کە نەیکردووە، هەروەکو ووتراوە:

وأَعْلَنتُ الفواحشَ في البَوادي وصار الناس أعْوان المريب

إِذا ما عبتهم عابوا مقالي لما في القومِ من تِلكَ العيوب

ووَدُّوا لو كفنا فاستوينا فصار الناس كالشيء المشوب

وكُنا نستطِب إِذا مرضْنا فصارَ هَلاكُنا بيدِ الطبيب

وە مەبەست لەمەش ئەوەیە کە خوای کاربەجێ حیکمەتی لەوەدایە کە ناوبەناو بێ ئاگایی وبیرچونەوە دەخاتە نێو دڵی بەندەکانیەوە، هەتا بەهۆیەوە جارجار تاوانیان لێ ڕوویدات، چونکە ئەگەر بێتو بەردەوام لەئاگاییدا بن وەکو ئەوساتەی کە گوێیان لەزیکرو یادی خوایە ئەوا تاوان ڕووی نەدەدا، وە لە کردنی تاواندا هەندێك جار دوو سوودی زۆر گەورەی هەیە:

یەکەم: دانپێدانانی تاوانباران بەتاوانەکانیان و کەموکورتیەکانیان بەرانبەر بەخوای پەروەردگار، وە شۆڕکردنەوەی سەری خۆبەگەورەزانی ولەخۆبایی بوونیان، وە ئەمە خۆشەویستترە لای خوای گەورە لە زۆرێك لە عیبادەت، چونکە بەردەوامی لەسەر عیبادەت وگوێڕایەڵی لەوانەیە خاوەنەکەی تووشی لەخۆبایی بوون بکات، حەسەنی بصری بەڕەحمەت بێت دەڵێت: ئەگەر ئادەمیزاد هەرچی ووت بیپێکێ و هەرچی کرد چاك وڕاست بێت، دوور نیە شێت بێت بەهۆی لەخۆبایی بوونەوە. وە هەندێك لەپیاوچاکانی پێشین ووتویانە: تاوانێك کە زەلیل وهەژارم بکات بەرانبەر خوا پێم خۆشترە لە چاکەیەك لووتبەرز و لەخۆباییم بکات. ناڵە و لالأنەوەی گوناهباران لای خوا پێی خۆشترە لە دەنگ بەرزکردنەوەی زیکرخوێنان، چونکە بەرزی دەنگی زیکرخوێنان دوورنیە شانازی و لەخۆبایی بوونی تێکەڵ بێت، بەڵام کڕوزانەوەی تاوانباران خۆشکاندنەوەو هەژاری دەربڕین جوانتری دەکاتەوە.... سبحان الله.

حەسەنی بەصری بەڕەحمەت بێت دەڵێت: جاری وا هەیە کەسێك تاوانێك دەکات بیری ناچێتەوە، و بەردەوام لێی دەترسێت تا دەچێتە بەهەشتەوە.

دووەم: بەجێهاتنی لێخۆشبوون و عەفووکردنی خوایی بۆ بەندەکەی، چونکە خوای پەروەردگار عزوجل پێی خۆشە کە چاوپۆشی بکات و لەگوناهی بەندەکەی خۆش بێت و سیفەتی لێبوردەیی و میهرەبانی خۆی لەبەندەکەیدا دەرکەوێت، لەبەر ئەوەی چەندین ناوی پیرۆزی خوا هەیە کە لەو باسەن وەکو : الغفار، العفو، التواب، الرحيم، الرؤوف... جا ئەگەر بێتو هەموو خەڵك مەعصوم بن و تاوان نەکەن ئیتر لەکێ خۆش بێت و دەرگای تەوبەی بەڕووی کێدا کراوەبێت؟

تێبینیەکی زۆر گرنگ: بۆ ئەوەی شەیتان گومان نەخاتە مێشکی خوێنەری بەڕێزەوە و ئەو دەرگایە لە شەیتان دابخەین پێویستە بڵێین: لەپاش خوێندنەوەی ئەم بابەتە، لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە مرۆڤ بوێر و چاونەترس بێت بۆ تاوان کردن و ئەم قسانە بەهەڵە مانا بکات و بیکاتە ڕێخۆشکارێك بۆ خۆی بۆ ئەنجامدانی گوناه و تاوان، بەڵکو مەبەست لەم بابەتە ئەوەیە کە تاوان نەبێتە ڕێگرو لەمپەر لەبەردەم بانگەوازکردن بۆ دینی خوا، و هەرکاتێك تاوانێکی کرد پەشیمان بێتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی ئەگەر کەمتەرخەمە چالاك بێت، ئەگەر لارە ڕاست بێتەوە، ئەگەر دواکەوتووە پێشبکەوێت، ئەگەر ئەسیری نەفسیەتی ئازادبێت، ئەگەر نازانێت هەوڵ بدات .... هەتا تاوانەکە دەبێتە بزوێنەرێکی چاك و بەرەو کاروگوفتاری خێرو پیرۆز ئاراستەی بکات.

ئومێدەوارم لەپاش خوێندنەوەی بابەتەکە دوعای خێرمان بۆ بکەن

پشتیوان حسن کرم — دەرچووی ئینگلیزی

# دە چرپە بۆ گوڵەکانی کۆمەڵگا

## تا وشکنەبونەتەوە... ﴿بەشی یەکەم﴾

الحمد لله الذي خلق الانسان في أحسن تقويم والصلاة والسلام على محمد النبي الأمي الكريم.. وبعد:

**کورتەی نوسینەکە:**

ئەم کۆمەڵە ئامۆژگاریەم بۆ هەموو ئەو خوشکانەیە کە لەژێر کاریگەری ڕەفتار و ڕەوشتەکانی کچانی ڕۆژئاوادا خەریکە گرنگی خۆیان لەبیردەچێتەوە و کۆمەڵگا لە ناو دەبەن، بۆ هەموو ئەوانەی کە وا بیرئەکەنەوە کە پێشکەوتنی کچان لە خۆ ڕوتکردنەوە و سفوریدایە..... لە کۆتایدا پێشکەشە بە هەر خوشکێك لە ڕۆژئاوا بێت یان ڕۆژهەڵات کە پاکی خۆیان پاراستوە و نایەنەوێت خۆیان و کەسانی تر بە هیلاکدا بچن لەم دونیادا و هەمیشە وەکو نەوەی ئەسماء و عائیشە بون و دەبن و ڕێگاکەی ئەوان بەرنادەن........

**چرپەی یەکەم:**

ئەی خوشکی بڕوادارم... ئەی ئەو خوشکەی کە خوای گەورە نیعمەتی تەندروستیەکی باشی پێبەخشیویت... ئەی ئەو خوشکەی کە خوای گەورە بەڕێزی کردویت بەوەی کە ئیسلامی پێناساندویت... سوپاسی خوا بکە و هەمیشە سوپاسگوزاربە لە بەرامبەر باشیەکانیدا.... لێی نزیکببەرەوەو گوێڕایەڵی بکە... لەبەر ئەوەی بە گوێڕایەڵی کردنی ئەو خۆشبەختی دونیا و قیامەت دەبیت، و بە نزیکبونەوە لەو سەربەرزی دونیا و قیامەت دەبیت... چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا}–الأحزاب: ٧١- واتە: هەرکەسێك گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پەیامبەری ئەو بکات، ئەوە بێگومان سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێناوە.

**چرپەی دووەم:**

خوشکە بەڕێزەکەم، پارێزگاری لە حیجابەکەت و پاکیەکەت بکە، چونکە حیجابەکەت پاکی و ڕێز و گەورەیی تۆ دەردەخات.. چونکە خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ﴾–الأحزاب: ٥٩- واتە: ئەی پێغەمبەری خوا بە خێزان و کچەکانت و ئافرەتی بڕواداران بڵێ با جلبابەکانیان ( جلبابیش : واتە : عابا ) بدەن بە خۆیاندا ، ئەوەش نزیك ترە بۆ ئەوەی کە بە ڕەوشت بەرز و بە حەیا و حیشمت و قورس و سەنگینی بناسرێنەوە ، تا ئەزیەت و ئازار نەدرێن ، پەروەردگاری تۆش لێبووردە و میهرەبانە.




بەڵێ حجابەکەت جوانیەکە کە بەڕێزی تۆ دەردەخات نیشانەی شەرم و ئابڕوی تۆیە و پارێزەرتە لە شەیطانەکان (جن و مرۆڤ) لەبەرئەوە ڕەحمەتی خوات لێبێت بەردەوامبە چونکە هۆکاری بەدەست هێنانی خۆشبەختیتە.

**چرپەی سێیەم:**

ئاگاداری ئەو کەسانە بە کە بانگەواز دەکەن بۆ سفوری و نەهێشتنی حیجاب چونکە ئەوان باشەی تۆیان ناوێت، دیوارێکی پۆڵایـــــن بە لە بەرامبەر بۆچونەکانیان..... ئەوان ئازادی گەیشتن بە تۆیان دەوێت نەك ئازادی تۆ و دەیانەوێت ئارەزووە

پیسەکانیان بە تۆ بەتاڵ بکەنەوە و بگەن بە مەرامی خۆیان، دەی وەك خوشکێکی خۆت ئەم ئامۆژگاریەم لێوەربگرە.

**چرپەی چوارەم:**

هەمیشە باش بە لەگەڵ دەوروبەرەکەتدا، بەتایبەت دایك و باوکت هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێت:{وَوَصَّيْنَا الإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَي وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ} —لقمان:١٤— واتە: ئێمە دەربارەی باوك و دایك بە مرۆڤمان ڕاگەیاند و ئامۆژگاریمان کردکە: هەمیشە ڕەفتاری چاکەیان لەگەڵ بکەن، بەتایبەتی لەگەڵ دایکییدا.. دایکی بەپێستی سك هەڵیگرتووە بەلاوازی لە سەر لاوازی، تالە داوێنی بەربووەتەوە، هاتووەتە ئەم جیهانەوە، شیر بڕینەوەشی دووساڵی خایاند،کەوایە (ئەی مرۆڤ!) بەردەوام سوپاسی من بکە لەسەر نیعمەتەکانم و، سوپاسی باوك و دایکیشت بکە لەسەر ئەو هەموو ئەزیەت و ئازارە لەپێناوی تۆدا چەشتوویانە، گەڕانەوەشتان هەر بۆلای منە، دوای زیندوو بوونەوە،} وە پرسیار لە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم کرا،چ کارو کردەوەیەك لای خوای گەورە خۆشەویستترە؟ فەرموی: (( الصَّلَاةُ عَلَي وَقْتِهَا، قَالَ ثُمَّ أَيٌّ قَالَ بِرُّ الْوَالِدَيْنِ قَالَ ثُمَّ أَيٌّ قَالَ الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ )) (رواه البخاري ومسلم). واتە: نوێژ کردن لەکاتی خۆیدا ، پاشان گوتی چیتر؟ فەرموی چاکە کردن لەگەڵ دایك و باوك ، پاشان چیتر؟ فەرموی جیهاد لە پێناو خوای گەورە. خوشکە بەڕێزەکانم دایك و باوك تاکە کەسن کە بێ بەرامبەر خزمەتت دەکەن و یارمەتیت دەدەن لە کاروباری ژیانت دا، لەبەرئەوە تکات لێدەکەم هەمیشە بە جوانترین شێوە لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بکە و خزمەتیان بکە. رزقني الله وإياكن بر أمهاتنا وآبائنا.

**چرپەی پێنجەم:**

زمانت بپارێزە لە غەیبەت و قسە هێنان و بردن، چونکە ئەوانە چاکەکانت دەسوتێنن و بەرەبەرە کەمی دەکەنەوە.... خوای پەروەردگار دەفەرموێت: {وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا ۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ }، —الحجرات: ١٢— واتە: لەپاش ملە ناوی یەکتر بەخراپە مەبەن ئایا کەستان پێی خۆشە گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوات؟! دیارە ئەمە ئەوپەڕی ناشیرین کردنی ئەوکارەیە، تا مرۆڤەکان سڵی لێ بکەنەوەو نەیکەن ئاشکرایە کە ئەوەتان زۆر پێ ناخۆشەو، حەزی لێناکەن و نایخۆن.

بۆ ڕزگاربوون لەم ڕەفتارە ناشرینە هەمیشە یادی خوا بکە، چونکە یادی خوای گەورە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە ئارام کردنەوەی دڵ، تا ببیتە یەکێك لەو کەسانەی کە خوای گەورە مەدحیان دەکات و دەفەرموێت: {الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ} —ال عمران:١٩١— واتە: ئەو کەسانەی کە بە پێوە و بەدانیشتن و لەسەر تەنیشت و ڕاکشان یادی خوا دەکەن. هەروەها عبدالله کوڕی بسر (خوای گەورە لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا (صلی الله علیە وسلم) دروشمەکانی ئیسلام زۆر بوونە لەسەرمان شتێکم پێ بڵێ دەستی پێوە بگرم؟ پێغەمبەر(صلی الله علیە وسلم) فەرمووی: (لا يزال لسانك رطباً من ذكر الله) (صحيح سنن الترمذي: ٢٦٨٧) . واتە: با بەردەوام زمانت پاراو وتەڕ بێت بە زیکری خوای گەورە. تا دەتوانیت دوور بکەوەرەوە لەو کۆڕ و مەجلیسانەی کە ئەو جۆرە کارانەی تێدا دەکرێـــــت. والسلام عليكم ورحمه الله وبركاته

إن شاء الله لە ژمارەی داهاتوودا بەشی دووەمتان پێشکەش دەکەین

نوسینی: ڕێناس محمد. دەرچوی ئینگلیزی

## با ئاگاداری ئەم جۆرە گوفتارانە بین

**الحَمْدُ للهِ وَحْدَهُ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلامُ عَلَى مَنْ لَا نَبيَّ بَعْدَهُ، له پاشاندا:. بێگومان ڕۆژانە چەندەها قسەو گوفتار بەکار دەهێندرێت کە زۆربەمان لێیان بێ ئاگاین‌و نازانین مانای ئەو گوفتارو قسانە چیە؟! بگرە هەر بیریشی لێ ناکەینەوە کە ئاخۆ بەهۆیانەوە چەند تاوانبار دەبین؟! کە مەخابن زۆرێك لەو گوفتارانە شیرکن‌و دەچنە خانەی هاوەڵ‌و شەریك بڕیاردان بۆ خوای بێ هاوەڵ‌و هاوتا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا دەفەرمووێت: ((إِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ رِضْوَانِ اللَّهِ لَا يُلْقِي لَهَا بَالًا يَرْفَعُهُ اللَّهُ بِهَا دَرَجَاتٍ وَإِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللَّهِ لَا يُلْقِي لَهَا بَالًا يَهْوِي بِهَا فِي جَهَنَّمَ))[١]، واتە:( بەڕاستی بەندەی ئەوتۆ هەیە ووشەیەك دەڵێت لە ڕەزامەندی خوا، ئاگاشی لێ نیەو بەهۆشیەوە خوا چەندەها پلە بەرزی دەکاتەوە، وە بێگومان بەندەی ئەوتۆش هەیە قسەیەك دەڵێت لە توڕەبوونی خواو ئاگاشی لێ نیە بەهۆیەوە فڕێ دەدرێتە دۆزەخەوە)!!**

**کەواتە:. دەبێت ئاگاداری زمانمان بین‌و بزانین تا چەند ئەو قسەو گوتانەی کە ڕۆژانە دەریان دەبڕین خوای میهرەبان لێیان ڕازیە، ودووریش بکەوینەوە لەو بێژەو گوفتارانەی کە خوای تەعالا لێیان توڕەیە.**

**جا بە پشتیوانی خوای بەخشندە چەند وتەو گوفتارێکی باوی ناو خەڵك دەخەینەڕوو، کە هیوادارم ببێتە مایەی ڕەزامەندی پەروەردگار ـ سُبْحَانَهُ ـ، وپاشانیش جێگەی سودو کەڵك گەیاندن بێت:.**

**١. وتنی خوا بیەوێت‌و تۆ بتەوێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت:((لا تَقُولُوا مَا شَاءَ اللَّهُ وَشَاءَ فُلَانٌ، وَلَكِنْ قُولُوا: مَا شَاءَ اللَّهُ، ثُمَّ شَاءَ فُلَانٌ))[٢]، واتە: (مەڵێن: خوا بیەوێت و فلان بیەوێت ، بەڵکو بڵێن: خوا بیەوێت ، پاشان فلان بیەوێت)؛ چونکە هەر شتێك خوا بیەوێت هەر ئەوە دەبێت، جا ئێمە بمانەوێت یان نا!! کەواتە ئێمە شیاوی ئەوە نین ناومان بخرێتە پاڵ ناوی خوا لەم شتانەدا یا خود بکرێینە شەریکی ئەو[٣].**

**٢. تەنها بۆ تۆ دەژیم! خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمووێت:﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾[٤]، واتە:(بفەرموو: ـ ئەی موحەممەد (ﷺ) ـ بێگومان نوێژو قوربانی‌و سەربڕین‌و ژیان‌و مردنم، هەر بۆ خوای پەروەردگاری جیهانەکانە).**

**٣. پشت بەخواو بە تۆ دەبەستم.**

**٤. بە پشتیوانی خواو جەنابت.**

**٥. کەسێك ئیشێکت بۆ بکات، تۆش پێی بڵێی: ئەوە لە خواو لە تۆوەیە، یا:ئەوە لە بەرەکەتی خواو بەرەکەتی تۆوەیە، یانیش: لە خواو ئێوە بەزیاد بێت!**

**٦. یاخود کەسێك کە سوێند دەخوات، دەڵێت:(بە یەك ڕەنگی خوا).**

**٧. لە ئاسمان خوام هەیەو لەسەر زەویش تۆ.**

**٨. لە پەنای خواو تۆ دام.**

**٩. من هیچ کەسێکم نیە جگە لە خواو لە تۆ.**

**١٠. لە سایەی خواو سەری تۆوە، یاخود: لە سایەی سەری تۆوە، زۆر باشین.**

**١١. کە تۆمان نەبێت، لە برسان دەمرین.**

**١٢. خواو پێغەمبەر بتپارێزن! یان: بەناوی خواو پێغەمبەر! یاخود: بەیارمەتی خواو پێغەمبەر! یاخود یا پێغەمبەر هاوار!**

**١٣. کەسانێك بۆ پاکێتی خۆیان دەڵێن: (زینام لەگەڵ دایکی خۆم کردبێ...)پەنا بە خوا..**

**وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنْ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ**

سۆران عثمان/دەرچووی ئامار، ز. صەلاحەددین.

---

[١] البخاري:٦٤٧٨.

[٢] أبو داود: كتاب الأدب، باب لا يقال: خبثت نفسي:٤٩٨٠.

[٣] بڕوانە: خوا پەرستی نەك شەخص پەرستی:٨٠.٧٧.

[٤] الأنعام: ١٦٢.

## لە گۆڕستان چیم بینی؟

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان لەم ڕۆژانە سەردانی گۆڕستانم کرد ،سەرەتا لە تەنیشت گۆڕی دایکی خۆشەویستم دانیشتم کە زیاتر لە (١٠٠٠ شەو و ڕۆژە لەناو قەبردایە ) بیرم لەو ڕۆژانە دەکردەوە کە لە گەڵ دایکی خۆشەویستم دادەنیشتم پێکەوە قسەمان دەکرد نانمان دەخوارد و دەچوین بۆ سەردانی خزم و کەسوکارمان بەڵام ئێستا ئەو زیاتر لە هەزار شەو و ڕۆژە ئێمەی بەجێ هێشتوە ، پاشان بیرم لەو کەسانە کردەوە کە دایکیان لە ژیاندا ماون و هەموو ڕۆژێك دایکیان دەبینن بەڵام خزمەتی ناکەن و ڕێزی لێ ناگرن ، پاشان کە بە نێو گۆڕستانەکەدا گەڕام قەبرێکم بینی لێی نوسرابوو (لە ساڵی ١٩٨٦) وەفاتی کردووە ،واتە نزیکەی ٢٨ ساڵ پێش ئێستا وەفاتی کردووە زۆر بیرم لێ کردەوە کە بەقەد تەمەنی زۆرێك لە ئێمە ئەو کەسە لە ژێر خاکدایە ، پاشان بینیم حەفارەیەك هات بۆ هەڵکەندنی قەبر منیش ڕۆشتم بۆ لای ، پاشان کۆمەڵێك کەس هاتن بۆ تەواو کردنی قەبرەکە ئیتر منیش لایان وەستام و هەندێك یارمەتیانم دا سوێند بەخوا کاتێك ڕۆشتمە ناو قەبرەکەوە بۆ دەرکردنی خۆڵەکە تەزویەك هات بە لاشەمدا و هەستێکی زۆر سەیرم هەبوو ئیتر لایان وەستام تاوەکو قەبرەکەمان تەواو کرد منیش کە سەیری قەبرەکەم دەکرد بەڕاستی دیمەنێکی زۆر ترسناك بوو هەروەکو پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرمووێ: هیچ دیمەنێکم نەبینیوە قەت ئیللا گۆڕ لەو ترسناکترە).




ئیتر دانیشتم زۆر بە وردی سەیرم دەکرد و بیرم لە حاڵی ئەو کەسە دەکردەوە کە پاش کەمێکی تر دەخرێتە ناو ئەم قەبرەوە و خۆڵ دەکرێت بەسەریدا و بە تەنها بە جێی دەهێڵن و خۆی و کردەوەکانی بۆ هەتا هەتایە ئەم دنیایەی جێ هێشت و ڕۆشتە یەکەم مەنزڵگەی قیامەتی ، بەڵام لەو لاوە شتێکی زۆر سەیر و ناخۆشم بینی کاتێك کە دەنگی گۆرانی و مۆسیقا هات بینیمان لە نزیك ئێمە ئاهەنگە و ڕەشبەڵەك و گۆرانی و مۆسیقا و تێکەڵاوی ژن و پیاو بوو زۆرمان پێ سەیر بوو لە بێ ئاگایی ئەو خەڵکە لە نزیك گۆڕستان خەریکی تاوان و خراپەکارین ،پاش هاتنی تەرمەکە و ناشتنی هاتمەوە بۆ نوێژی مەغریب ڕۆشتم بۆ مزگەوت بینیم تەرمێك لە مزگەوتە دیسان ئەوەم بیرکەوتەوە کەوا کەسێکی تریش ئەم دنیایەی بە هەتا هەتایە جێ هێشت و گەشتە یەکەم مەنزڵگای قیامەت ، پاش نوێژ کردنمان لەسەری هاتمەوە بۆ ماڵ کە بۆ نوێژی عیشا ڕۆشتمەوە سبحان الله بینیم تەرمێکی تریان هێناوە بۆ مزگەوت پاش نوێژکردنمان لەسەری بردمان بۆ گۆڕستان کاتێك ڕۆشتینە ناو گۆڕستان بینیمان زۆر تاریك بوو بیرم لە حاڵی ئەم



تەرمە دەکردەوە کە بەم شەوە تاریکە بە تەنها لەناو ئەم قەبرەدا بە جێ دەهێڵرێ ، و دەبێت یەکەم شەوی ناو قەبرەکەی چۆن بێت ، پاشان سەیرێکی نێو گۆڕستانەکەمان کرد هاوڕێکەم وتی ئێستا ئەم قەبرانە چەندین کەسی دەوڵەمەند و فەقیر و بێ دەسەڵات و دەسەڵات داری تێدایە ، چەندین کەسی تێدایە ئاوات و هیوای زۆر بووە لە دونیادا بەڵام هەموی لەگەڵ خۆی بردووەتە ژێر خاکەوە ، پاش ناشتنی تەرمەکە گۆڕستانمان بە جێ هێشت و هاتینەوە ، کە گەشتینە ماڵ پاش کەمێك زەوی لەرزەیەك دیسان بە ئاگای هێنانیەوە ، و بیرم کردەوە کە ئێمەی مرۆڤ چەند بێ دەسەڵاتین ناتوانین هیچ شتێك لە خۆمان دوور بخەینەوە ئەگەر تەنها و تەنها پشت بەخوای گەورە نەبەستین .

بەڵێ بەڕێزان : کاتێك کە ڕۆشتم بۆ نوێژی بەیانی سبحان الله بینیم تەرمێکی تریان هێناوە بۆ مزگەوت بۆ ئەوەی نوێژی لەسەر بکەین ، لەماوەی کەمتر لە (١٥) سەعات نوێژمان لەسەر(٤) جەنازە کرد .

کە دەبێت ئێمە لەمانە وانە و پەند وەربگرین نەك تەنها نوێژی لەسەر بکەین و دوای بکەوێن تا ناشتنی ، و پاشان وەك هیچ ڕووی نەدابێت ، بەڵکو دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە سبەینێ تەرمی من و تۆش بەڕێ دەکرێ بۆ قەبرستان و دەخرێینە ناو قەبرێکی تاریکەوە...

بۆیە خۆشەویستان والله هەرچۆن بژیت لە دنیادا هەر کۆتاییەکەت مردنە و بەتەنها دەخرێیتە قەبرێکی تاریك و تەنگەوە جا لە ئێستاوە تەوبە بکەو بگەڕێرەوە بۆ لای خوای گەورە و واز لە تاوان و خراپە بهێنە سوێند بە خوای گەورە یەك شەوی نێو قەبر هەموو چێژ و خۆشی دونیات لە بیر دەباتەوە .

خوای گەورە هیدایەتی هەموومان بدات بۆ سەر ڕێگای ڕاست و عاقیبەتی هەموو یەکێك لە ئێمە بە خێر بگێڕێ

والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته

جلیل إبراهیم /دەرچووی پەیمانگای ئیسلامی کوردستان

## کچ و کوڕ ، ئایا یەکسانن؟!

سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خودا:

ڕۆژێك لەگەڵ قوتابیەکمدا گفتوگۆیەکمان کرد ، لە نێو قسەکانماندا ، باسی یەکسانی کوڕ و کچ ( نێر و مێ ) هاتە نێو باسەوە :

ئەو وتی: کچ و کوڕ یەکسانن.

من وتم: بۆ چی ؟ لە چی دا؟

وتی: لە هەموو شتێکدا ، جیاوازی چیە کچ یان کوڕ؟

وتم: ئەی خودا و پەیامبەر ﷺ ئەرك و وەصف و کاروبار و شتەکانی وەکو یەك بەسەر ئافرەت و پیاودا دابەش نەکردووە! ئیتر لە چی دا یەکسانن؟

وتی: لە هەموو شتێکدا!

وتم: بۆ نمونە ؟ لە قژ و موو دەرکردندا یەکسانن؟ ئەی لە دەنگ و لاشە و سیفاتی جەستەیی؟

وتی: ئەمانە ناڵێم!

وتم: ئەی چی؟ لەمانەدا یەکسان نین..! ئەی لە چی دا یەکسانن.؟

وتی: لە هەموو شتێکدا..

وتم: ئافرەتان منداڵیان دەبێت ، بەڵام پیاوان نایان بێت ، کوا لە یەك دەچن یان یەکسانن؟

وتی: ئەمانە ناڵێم ..

وتم: لە ئیسلامدا جەنگ و جیهاد لەسەر پیاوان ئەرکە و لەسەر ژنان ئەرك نیە ، نوێژی بەکۆمەڵ لە مزگەوتدا لەسەر پیاوان ئەرکە و لەسەر ئافرەتان ئەرك نیە..! ئیتر لە چی دا یەکسانن؟

وتی : خۆ هەردوکیان خوا دروستی کردوون.. لای خودا یەکسانن..

ئیتر لەمەبەستی تێگەیشتم ، وتم بەڵێ زۆر ڕاستە دوو بونەوەری ژن و پیاو خودا دروستی کردوون ، بەڵام هەریەك بە شێوە و ڕوخسار و سیفەتێکی جیاواز و ناوازە ، کە مەگەر خودای گەورە خۆی وەصفی جوانیان بکات کە دەفەرموێت:"لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ " (التين: ٤) واتە : بێ گومان مرۆڤمان

لەسەر جوانترین شێواز و پەیکەر دروست کردووە.
بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە یەکسان بن لە هەموو ڕوانگەیەکەوە ، چونکە بەڕاستی هەریەکەو کۆمەڵێك سیفەتی جوان و جیاوازیان هەیە ، ئەگەر وانەبوایە حیکمەتێك بۆ دروستکردنیان نەدەما ، ئافرەت بەوە ناسراوە کە دڵنەوا و ئارامگایە ، پیاویش پیشەوان و پێشەوایە ، هەریەکەشیان گرنگی خۆیان هەیە و پێگەی خۆیان هەیە لە ژیاندا. بیشزانە تۆ لەوانەیە واتێگەشتبیت کە دەڵێین یەکسان نین بە کەموکورتی ئافرەتدا بشکێتەوە.. وانیە؟
وتی: یەکسانن..
وتم: دەزانم هەر ترسی ئەوەت هەیە کە ئافرەتان کەم بێنە پێش چاو لەو ئاستەی کە تۆ بۆت داناون و داکۆکی لە یەکسانیان دەکەیت. بەڵام ئەگەر یەکسان بن ، بە زیانی ئافرەت تەواو دەبێت..!
وتی: بۆ ؟ و الله وانیە ، هەر یەکسانن..
وتم: کچ هەر لە منداڵیەوە تا پێگەیاندن و بەشوو دانی گرنگی و پێگەی تەواوی بۆ دانراوە، پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت: هەرکەسێك کچی هەبێت و جوان پەروەردەی بکات و بەڕەوشت و ئەدەب و ڕێزەوە پێی بگەیەنێت ، جل و نان و پێداویستی بۆ دابین بکات ، دەچێتە بەهەشتەوە. (رواه احمد ، و صححه الالباني : الصحيحة: ٢٩٦).
هەروەها وتم: کە پیاوێك پرسیار لە پێغەمبەری خودا ﷺ دەکات ، لەسەر چاکە کاری ، پێی دەفەرموێت: لەگەڵ دایکت باش بە ، دەڵێ ئیتر کێ؟ دەفەرموێ: دایکت ، دەڵێ کێی تر؟ دەفەرموێ: دایکت. ئەوجا دەڵێ کێی تر؟ فەرموی: باوکت.
وتم : ئازیزان ، قوتابیەکانم ، کاتێك ئافرەت دەبێتە دایك ، سێ ئەوەندەی باوك مافی هەیە بەسەر منداڵەکانیەوە ، ئایا ئەمە یەکسانیە؟ یان ماف زۆریە بۆ ئافرەتان؟
وتیان: چاکە و گەورەییە بۆ ئافرەتان..
ئایا ئەمە شکۆ نیە بۆ ئافرەت..؟ وتیان: بەڵێ..
قوتابیەکە وتی : هەر یەکسانن..!
وتم: لە چی دا؟
وتی: لەهەموشتێکدا یەکسانن..!!
دەڵێم: خوای پەروەردگار بە میهرەبانی خۆی مرۆڤی بەدیهێنا ، کە یەکەم مرۆڤ پیاو بوو ( باوکمان ئادەم) علیه السلام ، دواتر بۆ ئارامگرتن و ئاسودەیی ئەم یەکەم مرۆڤە خێزانێکی بەناز و تەواو پێویستی بۆ دروستکرد کە تەنها خۆی کە پەروەردگارمانە دەزانێت چ پێویسیەکە بۆ مێردە پەرۆشەکەی..!!
ئەوجا کە دێنە سەر زەوی ، دەبنە خاوەن وەچە و نەوەی زۆر و وردە وردە مرۆڤایەتی هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە ، هەمیشە ئافرەت جێگە و پێگەیەکی هەبووە ، پیاویش پێگە و جێگەی خۆی ، ئێمە هەق وایە داوای دادگەری و تەبایی بکەین نەك ئەوەی بمانەوێ بە فیتی ناحەزانی مرۆڤایەتی هەر ئاوازی ئەوان بڵێینەوە لە کاتێکدا هەموان دەزانین پیاو و ژن لە زۆر ڕووەوە جیاوازن بەڵام تەواوکەری یەکترن و بێ یەکتری ماناو جوانیەکانیان تەواو نابێت، خودای گەورەش وەکو یەك لێپرسینەوەی بۆ داناون ، هەرچۆن وەکو یەك پاداشتی زۆری بۆ داناون ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازبوونیان پێگەی کەسیان لەوی تر کەم بایەخ ناکاتەوە..
خودا دەفەرموێ: " إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا (٣٥)"
واتە: بە دڵنیاییەوە ، گشت موسڵمانان و باوەڕداران و پارێزکاران و گەڕاوەکان و ڕاستگۆیان و ئارامگران و تێکەڵان لە پەرستشدا و ڕۆژوگران و پارێزەرانی ئابڕو ، یادکارانی خودا ( لە پیاو و ئافرەتان ) خودا لێبوردەیی و پاداشتی زۆری بۆ ئامادەکردوون.
ئیتر منیش ناچار ئەنجامی گفتوگۆکەمان ، دەخەمە بەر دەستی ئێوەی خوێنەر..!!

**بلال جلال حداد / دەرچووی فیزیك.**

# بۆ هەموو خوشکێك

الحَمْدُ للهِ وَحْدَهُ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلامُ عَلَى مَنْ لَا نَبيَّ بَعْدَهُ:

**بۆ خوشکانی کارگوزار و پەرستاری نەخۆشخانەکان ، بۆ تۆ ئەی دایکی خۆشەویستم ، بۆ تۆ ئەی دایکی سەنگین و گران بەها ، بۆ هەموومان چونکە شەیتان لەسەر ڕێگا دانیشتووە بۆ هەڵخەڵەتاندنمان ، بۆ لابردنی جلوبەرگی شەرعی و حەیا و حیشمەت بەرەو بێ ئابروویی ، لەبەرچی؟! بە قسەی کێ؟! بۆچی؟!**




**دایکەگیان خۆ تۆ تاوەکو دوێنێ جلوبەرگی پۆشتەت لەبەردەکرد ، کە جلوبەرگی کوردی نەوەك جلکە مۆدێلینەکانی ئێستا ، ئەو جلە کوردیەی کە هەموو ئەندامەکانی جەستەتی دادەپۆشی. بەڵام بەداخەوە ئێستا لەبەر چی کە دادەمەزرێن بۆ کارکردن و کارگوزاری لە دامەزراوەکاندا ، ئەو جلوبەرگە پۆشتەیەی دایك و داپیرانمان لەخۆ دەکەینەوە؟! بۆ چ جلوبەرگێك..؟! ئەگەر پێتان بڵێم ئەوە جلوبەرگی ئێمەی موسڵمان نیە ، ئێوە موسڵمانن ، نوێژ دەکەن و ڕۆژوو دەگرن...**

**ئەی ئێوە بۆچی بێ دەنگ دەبن لەو جلوبەرگەی کە دوژمنانی ئیسلام بەسەرتاندا دەیسەپێنن ، بەناوی مۆدیل دەستور ، کام یاسا ؟ کام دەستور ؟ کام شەریعەت؟ تەنها بۆ لابردنی جلی شەرعی بۆ جلی ناشەرعی. بۆچی ڕازی دەبن ؟ ئەگەر ئێمە و هاوشێوەی ئێمە ڕازی نەبین و بڵێین نامانەوێ.. چ کارگە و کۆمپانیایەکی جلوبەرگ بەزۆر مۆدێلەکەی بەسەرماندا دەسەپێنێت..؟!**

**توخوا یەك پرسیار ئاراستەی ئێوە دەکەم..**

**ئەگەر یەك مانگ موچەتان پێ نەدەن ، هەمووتان مانناگرن لەکارەکەی خۆتان؟ بەناوی دیموکراسیەوە ( بۆتان هەیە لەبەر هەر هۆیەك بێت مانبگرن و کارەکانتان بەجێ بهێڵن ) چونکە دیموکراسیە.. ها ئەوە نیە هەموومان دەڵێین بەڵێ بۆ ( دیموکراسی )، هەر بەو ئازادی و دیموکراسیە دەتوانین بڵێین : ئێمە دەتوانین بە جلی پۆشتەی جوان و هەڵبژێردراوی خودا ، بەو پەڕی متمانەوە کارەکانمان ئەنجام بدەین ، چونکە ئاسودەین بەم شێوازە..**

**توخوا دایکەگیان ، خوشکەکانم ، سەرەنجامی هەموومان هەر مردنە ، ئەو ئایەتەی خوای گەورەتان بیردێنمەوە کە دەفەرموێت :** ﴿ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا ، وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرً ﴾ ( الطلاق: ٢-٣)

**واتە: هەرکەسێ تەقوای خوای هەبێت و سنور پارێزی بکات ، خودا دەرووی خێری لێ دەکاتەوە ، وە لە شوێن و جێیەکەوە ڕزق و ڕۆزی دەدات کە هەرگیز بە خەیاڵیا نەهاتبێت ، بە دڵنیاییەوە خودا کارەکانی بە ئەنجام دەگەیەنێت ، بێ گومان خودا بۆ هەموو شتێك ئەندازەیەکی داناوە.**

**لە کۆتاییدا پێتان دەڵێم ، گوێ بگرن لە ئامۆژگاری دڵسۆزی خۆتان تەنها لەبەر خودا و بۆ قیامەتی خۆم و ئێوەش بیرتان دەخەمەوە. چونکە پێغەمبەرمان فەرمویەتی: " الدين النصيحة" واتە: ئاین بریتیە لە ئامۆژگاری کردن.**

**خوای پەروەردگار هیدایەتی من و ئێوەش بدات بۆ سەر ڕێگا ڕاستەکەی خۆی.**

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

**ن.هێرۆ حیدر / دەرچووی کوردی**

# گەنجان و بانگەواز

کە ڕۆژ بووەوە بۆ دەوام یان بۆ سەر کار یان هەر لە خەو هەڵنەستاوە یان یان یان ئەوەی تری بۆ ئێوەی بەرێز ...

بۆ وابین ؟ بۆ باشتر نەبین ؟ بۆ کەمێك هەوڵ نەدەین ؟ بۆ ڕۆژە دووبارە بووەکان نوێ نەکەینەوە بە ڕۆژێکی نوێ ؟ بۆ کەمێك لە کاتی خۆمان تەرخان نەکەین ؟

**بەڕێزان...**

لە کۆن و لە ئێستا و لە داهاتوودا ڕۆڵی گەنجان زۆر بە هەند وەرگیراوە، لە هەڵگری ئاینەکەی و گەیاندنی ، و کۆڵەکەی ئومەتی ئیسلامی یە ، نهێنی سەرکەوتنی وڵات و پێش کەوتنی، لە ئەستۆی لاواندایە .

گەر بە کورتی تیشك بخەمە سەر ڕۆڵی گەنجان و بە گشتی لە ئومەتی ئیسلامی و بانگەواز بە تایبەتی ئەوە ببینە کە :

* هەموو مرۆڤەکان بە گەنجانیشەوە بۆ یەك مەبەست و مەقصەد دروست کراون ئەویش بۆ پەرستنی خوای گەورەیە ، چونکە یەکێك لەو حەوت کەسەی کە لە ڕۆژی دواییدا دەچنە ژێر سێبەری عەرشی خواوە گەنجێکە کە تەمەنی خۆی سەرف کردووە لە خوا پەرستیدا .

* گەنجان خاوەن توانا و توانایەکی یەکجار بە هێزن خاوەن سەلیقەو فیکری نوێگەرین.

گەر تیشك بخەینە سەرئەم دوو دێڕە ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە پێویستە لە سەر گەنجان چۆن بن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەوەی کە :

*دوور بکەنەوە لە کەسانی تەمەڵ و بێزارکەر کە ساردیان بکەنەوە لە بانگەواز و هەوڵدان بۆ گەیاندنی ئاینی ئیسلام

*دوورکەوتنەوە لە کات بە فیرۆ دان کە زۆر جار خۆ خەریك کردن بە فەیسبوك یان بە فیلمە بێزار کەرو بەد ڕەوشتەکانەوە یان ...

*(کاری من نیە خۆ من مەلا نیم ) ئەم دەستەواژەیە زۆر زۆر بێزار کەرو کەم نرخە چونکە مرۆڤەکان هەر بۆ خۆشی دروست نەکراون(**عبثا**) کە کارمان بە ڕۆژ کار کردن بێت و بە شەویش نوستن چونکە ئەو کاتە جیاوازیمان نابێت لە گەڵ زیندەوەرەکانی تر .کاری تۆ نیە خۆ تۆ مەلا نیت بەڵام ئەی بۆ زۆر جار باسی بابەتێکی ئاینی دەکرێت دەڵێی بە ڕای من وانیە یان وا نەبێت باشترە ، چەندەها ڕاو بۆ چوونی جیاواز دروست دەبێت لە سەر بچوکترین بابەت.

بەڕێزان گەر کەمێك وورببینەوە لە سەر چیرۆکەکانی پێشوو بە نمونە خوای گەورە باسی چیرۆکی أصحاب الکهف مان بۆ دەکات (**إنهم فتية**) کە خوای گەورە بە نمونە بۆ ئێمەی دەهێنێتەوە بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا باسی قەومی لوط دەکات کە چۆن بوون بە پەندی زەمانە بەهۆی لادانیان لەسەر ڕێبازی ڕاستی پێغەمبەرەکەیان (علیه الصلاة والسلام) .

وە کەباسی ئەو کەڵە پیاوانەی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ)بکەین بۆ نمونە :

* ئیمامی أبو بکر کە خوای گەورە باسی کردووە لە قورئاندا ( ثاني اثنين إذ هما في الغار إذ يقول لصاحبه لا تحزن ان الله معنا) یەکێك لەوانەی کە پێغەمبەر خوا صلى الله عليه وسلم زۆر پشتی پێ بە ستبوو، وە بوو بە خەلیفەی یەکەم .

* گەر بڕوانینە ئیمامی عمر کە نازناوی (الفاروق) یان لێ ناوە بە هۆی جیاکردنەوەی حەق لە باطل ، لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا موسڵمان بوو، خۆشەویستیەکی یەکجار زۆری هەبوو بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ،لەبەر بە هێزیەکەی و دەست گرتنی بە ئاینەکەی پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو کاتێك تۆ لە ڕێگایەکەوە بڕۆیت ئەوە شەیتان لە ڕێگایەکی ترەوە دەڕوات .

* وە کە سەیری ئیمامی عوسمان بکەین بەشەرم و حەیاکەی بە ناوبانگ بوو ، ئەمانەو هەموو هاوەڵە بەڕێزەکانی تر وایان کرد کە ئیسلام بەرز بمێنێتەوە جیل بە جیل بگات تا ڕۆژی دوایی .

**لە بانگەوازدا چۆن بین ...؟**

* ﴿ولكم في رسول الله أسوة حسنة﴾، دەبێت ڕەوشتی خۆمان جوان بکەین چونکە زۆر کەس سەیری ڕەوشتت دەکات کاتێك تۆ بانگەواز دەکەی کە ئایا لە خۆتدا ڕەنگی داوەتەوە ؟

* هەوڵ بدرێت نیەت خاڵص بێت بۆ خواو تەنها لە بەر خوا بانگەوازی خەڵکی بکەی

*ئەو کارەی تۆ بانگەوازی بۆ دەکەی پێویستە لە خۆتدا بەرجەستە بێت نەك بە خەڵکی بڵێی خەڵکینە توڕەمەبن و خۆشت بە بچوکترین شت کۆنترۆڵ لە دەست بدەی .

*پێویستە پەلە نەکەی لە بانگەوازەکەتدا مەبەستت ئەوە نەبێت کە زوو بیگەیەنیت نا مەبەستت ئەوە بێت چۆن و بە چ شێوازێك بیگەیەنی .

* دەبێت ئەو کارەی تۆ بانگەوازی بۆ دەکەی موافق بێت لەگەڵ قورئان و سوننەتدا نەك بە کەیفی خۆت بانگەواز بکەی بێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا کارێکی ڕێگە پێدراوە یاخود نا.

* خۆت بە دوور بگری لە خۆ بە زانازانین (التعالم) کە وا خۆت پیشانی خەڵکی بدەی کە کەسێکی هەڵگری زانستێکی باشی .

*هەر دەم هەوڵ بدەی ڕاستگۆ بیت چونکە ڕاستگۆیی بەرەکەتی کار زیاد دەکات و بەردەوامی زیاتری پێ دەبەخشێت .

* هەوڵ بدە لەوەوە دەست پێ بکە کە یەکەمینە وەکو فێری یەك خواپەرستیان بکەی و تۆوی ئیمان لە دڵی بەرامبەرەکەتدا بڕوێنە، پاشان فێری نوێژ و کارە واجبەکان و پاشان سوننەتەکان .

* کاری بانگەواز بە تەنها ئەرکی قورستر دەبێت بۆیە پێویستە هاوڕێ و برای بە ئەمەك بە سیقە و خاوەن زانست و حیکەمەتت لە گەڵدا بێت .

* گرنگی بدرێت بە پیرەکان و ڕاوێژیان پێ بکە چونکە ئەوان بە ئەزموونن لە ژیاندا .

* یەکێك لەو هۆیانەی کە پێغەمبەر (ﷺ) گرنگی زۆری پێ دەدا و بووە هۆکاری سەرکەوتنی بانگەوازەکەی بریتی بوو لە صبر (ئارام گرتن) دڵنیابە کە تۆ خەڵکیت بانگ کرد بۆ دینی خوا ئەوە بزانە تووشی زۆر لە کۆسپ و تەگەرەکانی ژیان دەبیتەوە ، گەر ئارام نەگری ئەوە هەر زوو دەپووکێیتەوە و بەرگەی ناگری .

* قوربانیدان : ئەو کەسەی کە خەڵکی بانگ دەکات بۆ دینی خوا پێویستە قوربانی بدات لە کاتی خۆی بگرێت لە پارەو سامانی خۆی لە هەوڵ و ماندوو بونی خۆی لە ڕووی ئەمنیەوە.

* لە دواین دێڕدا ...

ئەوەتان بیر دێنمەوە بەرێزان بیر بکەرەوە کاتێك دەچیتە پێش دەستەکانی خوای گەورە و نامەی کردەوەکان بە دەستەوەیە دڵ خۆش بیت بەوەی کە وەڵامێکت پێیە بۆئەوەی خوا لە خۆت ڕازی بکەی ئەویش بڵێیت خوایە گیان بە عیززەتت من خەڵکیم بانگ دەکرد بۆ لای تۆ بانگەوازم بۆ دینەکەی تۆ دەکرد.

گەر بڵێیت من هیچم پێ ناکرێ !!!

نا زۆر شتت پێ دەکرێ ...

دەتوانی لە هەر پۆست و پلەو پایەیەکدا بیت خزمەتێك بکەی .

خزمەت بۆ دینی خوا : بە ماڵ ئەی دەوڵەمەندەکان بە زانستێکی بە سوود بە کاتی خۆت تەرخان بکەی بۆ کارێکی بە سوود بە یارمەتی دانی کۆمەڵێك هاوڕێ و برای خۆت لە دەرهێنانی نامیلکەیەکدا بە دروست کردنی مزگەوتێك بۆ ئەوەی لە ناو ئەو مزگەوتە خەڵکی فێری دینی خوا بن گەر هیچ نەبوو خۆ دەتوانی قسەیەکی خێر بکەی یان نێوانی دوو بنەماڵە چاك بکەیتەوە .

**هێمن ملا کریم / دەرچووی کۆمپیوتەری هەولێر**

# مانای «الْقَوَامَةَ»: سەرپەرشتی پیاو بۆ ئافرەت و خێزان

هەندێ کەسی کاڵ فام و کورت بین و زەق بین، سەرگێلانەو بێ ئاگایانە هاتوون شەریعەتی دووربین و وردبینی خوای حەکیم و کاربەجێ بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە مادام پیاوی کردووە بەسەرپەرشتیاری ئافرەت، ئەمە بەکەم سەیرکرنی ئافرەت و بە نەقص و ناتەواو دانانیەتی و، ماف و ئازادی لێزەوتکراوەو چاودێرو بەرپرسی بە سەریەوە دانراوە !

«الْقَوَامَةَ»: سەرپەرشتی و فەرمانڕەوایی پیاو بۆ ئافرەت و خێزان، ئەرک و تەکلیفە لەسەر پیاوان و، ڕێزو حورمەت و تەشریفە بۆ ئافرەتان، نەک ئافرەت بەکەم و بێ بایەخ تەماشاکرابێ و ماف و ئازادی لێزەوتکرابێ.

«الْقَوَامَةَ»: سەرپەرشتی و فەرمانڕەوایی پیاو بۆ ئافرەت و خێزان، ئەرک و تەکلیفە لەسەر پیاوان، و ڕێزو حورمەت و تەشریفە بۆ ئافرەتان، نەک ئافرەت بەکەم و بێ بایەخ تەماشاکرابێ و ماف و ئازادی لێ زەوتکرابێ .

**خاڵی یەکەم:**

مانای «الْقَوَامَةَ»: «قَوَّام» کە لە بنچینەی زمانی عەرەبیدا لە «قائم» وە هاتووە واتە «لەسەر پێی خۆی وەستاوە»، هەر بۆیە کاتێک دەوترێ «قَيِّم شَيْء» واتە کەسێک هەڵدەستێت بە سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردن و مشورلێخواردنی شتێک، یان کە دەوترێ «قَيِّم الْقَوْم» واتە سەرکردەو فەرمانڕەوایی قەومێک..کەوابوو لە بنچینەی زمانی عەرەبیدا «قَوَّامة» بە مانای جێ بەجێ کردنی ئەرکێک و سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردن و خەملێخواردن و پاراستنی شتێک یان کەسێک دێت. جا هەر لە واتا زمانەوانیەکەوە دەردەکەوێت کەسێک بۆ ئەوەی بتوانێ هەستێ بە ئەرکی «قَوَّامة» پێویستە دوو جۆر ئیستعدادو ئامادەگی تێدابێت: یەک: لێزان و شارەزابێت بۆ ئەوەی بزانێ چۆن جێ بەجێی بکات. دوو: توانا و قودرەتی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەسەر جێبەجێ کردنیدا زاڵ بێت.

جا پیاو دارای ئەم دوو سیفەتەیە کە خۆی بۆ خۆی دەتوانێ لەسەر پێی خۆی بووەستێ، ئەمە سیفەتێکی زاتییە لە خودی خۆیدا کە «قائم» کە لە «فعل»ی لازمەو وەرگیراوە، کە بۆ سیفەتە زاتیەکانی دەگەڕێتەوە، بەڵام نەک هەر «قائم»ە بەڵکو « قَوَّام »یشە کە «فعل»کەی لە لازمەوە دەچێت بۆ «فعل المتعدي» ، واتە دەتوانێ غەیری خۆیشی ڕابگرێ.

خوای حەکیم و کاربەجێ ووشەی «القوامة» بۆ پیاوان بەکارهێناوە، جا ئەم ووشە «قوام» لەسەر وەزنی «فعال» کە «صيغة المبالغة» بۆ ووشەی«قائم»، ئەمەش مانای ئەوەی لێوەردەگیرێ کە ئەو شتە یان ئەو کەسەی کە ئەو ئیشەی پێ سپێرراوە یان ئەو سیفەتە دراوەتە پاڵی، خۆی لە زاتی خۆیدا هەڵگری هەموو ئیستیعدادو تایبەتمەندیەکە کە پێویست بێ بۆ ئەو ئیشەو دەتوانێ بەکاری بهێنێ بۆ غەیری خۆیشی. بۆیە «القوامة»و سەرپەرشتیاری پیاو بۆ ئافرەت و ماڵ و خێزان وەکو سەرۆکایەتی و حوکمڕانی کاربەدەست و حاکمی وڵاتە بۆ میللەت و ڕەعیەتەکەی، کە پیاو بەهۆی ئەوەی کە هەڵگری لێزانینی عەقڵی و توانای جەستەییە زیاتر لە ئافرەت، دەتوانێت پێداویستی ژین و دین کە پێویست و زەرورن بۆ ئافرەت مسۆگەر و دابین

بکات، پاشان چاودێری و سەرپەرشتی بکات و لە ژێر فەرمان و داواکاری پیاودا ئافرەت هەڵس وکەوت بکات

**خاڵی دووەم:** خوای حەکیم و کاربەجێ پیاوی کردووە بە سەرپەشت و خەمخۆرو مشورخۆری ئافرەت، تاوەکو ئافرەت لە ژیاندا پێویستی بەوە نەبێ ئەرک و ماندوو بوون بکێشێ و، باری گرانی ژیان هەڵبگرێ، هەروەها پیاوی کردووە بە چاودێرو پارێزەری ئافرەت، تاوەکو ئافرەت لە ژیاندا پارێزراو بێت و مەترسی لەسەر جەستەو دەرونی دروست نەکرێ، کەوابوو بە هۆی پیاوەوە ئافرەتان هەم خەفەت لە ژیان ناخۆن و برسیان نابێ، هەم ترسیشیان لە جەستەو دەرونی خۆیان نابێ و پارێزراو دەبن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە سەرپەرشتیاری پیاوان بۆ ئافرەتان، ڕێزو حورمەت و پلەو فەزیلەتە بۆ ئافرەتان و، ئەرک و تەکلیف و مەسئولیەتە بۆ پیاوان.




شەریعەتی خوای حەکیم و کاربەجێ ئەو ڕێزو حورمەتەی لە ئافرەت نا، بەڵام پێشتر لە ژێر هەوری تاریکی جاهیلەتیدا ئافرەتان وەکو کەل و پەل و کاڵا و شمەک تەماشادەکران و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکراو، کڕین و فرۆشتن بە جەستەو ناموسیانەوە دەکرا، تەنها ڕووی مێینە بوونی ئافرەتیان دەبینی و بە ئینسان حسابیان بۆ نەدەکرد، ئەوەندە ئافرەتیان دەویست کە حەزی جنسیەکەیان تێر ببێ، ئیتر لەوە بەدوا وەکو ئاژەڵیش تەماشا نەدەکرا، ئەم سیستەمە جاهیلیەت بوو وای لە کابرای عەرەب دەکرد کچی خۆی زیندە بەچاڵ بکات و بیکوژێ و، ئەگەر بیبیستایەتەوە کە خێزانەکەی کچی بووە، ئەوە خۆی بە سووک و ڕیسوا دەزانی، چونکە دەیزانی لەو سیستەمە جاهیلیەتدا ئافرەتان چۆن بە سووک و بێ بایەخ تەماشادەکرێن و سبەی کە بیدات بە پیاوێکیش هەروەکو ئاژەڵ تەنها جنسی خۆی پێ تێر دەکات و هیچ ڕێزو حورمەتێکی نییە لەلای، بۆیە دەست بەجێ و بێ ئەوەی کەس بزانێ کچی بووە دەیبرد بە زیندووی لە چاڵی دەنا.

بەڵام ئیسلام هات هاوکێشەکانی هەمووی پێچەوانەکردەوە، پیاوانی وا فێرکردو پەروەردەکرد کە نەک نابێ بیکوژن و بەسووک تەماشای بکەن، بەڵکو دەبێ وەکو چاوانتان بیان پارێزن و بیان ژێنن، ئەوەی کرد بە مەسئولیەت و ئەرک و وەزیفەی سەرشانی پیاوان، ئابەو جۆرە ڕێزو حورمەتی ئافرەتانی پاراست...کابرای عەلمانی ئەمڕۆش کە باسی سەرپەرشتیاری پیاوان دەکرێ بۆ ئافرەتان، دەستبەجێ چاوەکانی ئەمپاوپا دەبێ و، بەزەوتکردنی ماف ئافرەتی دەزانێ، ئەوە بە شیری ئەو سیستەمە جاهیلیەتەی سەردەمی ئەبوجەهلی ڕابردوو ڕۆژئاوای ئەمڕۆ گۆشکراوە، دەیانەوێ ئافرەتان بەرەو هەمان چارەڕەشی و بێ دەرەتانی ببەنەوە، بۆ ئەوەی بیانکەنەوە بە شمەکەکەی جاران و سەرمایەو دەسەڵاتی جاهلیەتی خۆیانی پێ داکوتن.

**نوسینی : د.کاوە ئەکرەم سەنگاوی**

## دەردی خۆدەرخستن..پەیکەرێکی ناوخۆییەو پێویستە تێکبشکێندرێت..

خۆشویستنی خۆدەرخستن نەخۆشیەکەو پشت دەشکێنێت...ئەمە گوتەیەکی کۆنەو پێشینەکان فەرموویانە، بۆ یادخستنەوەی دەروون تا نەکەوێتە داوی سەرسامبوون بەخۆو ڕوپامایی، وەتا دڵسۆزیشی لەیادبێت لە هەموو کردەوەیەك؛ چونکە هەردەم هەندێك حەزیان لە خۆدەرخستن‌و ستایشکرانە لە نێو خەڵکی، جا بە ڕەوا بێت یا ناڕەوا! کە ئەوەش نەخۆشیەکی ترسناکە بەتایبەت کە جێگیر بێت لە خانەی دینداریو ئیسلامەتیدا لە لایەن دیندارانەوە، کە گۆبەن‌و گرفتی زۆری بۆ پەلکێش دەکات، ومەردوم دەخاتە نێو هەلاکەت‌و تیاچوون، ئەوەش هاتنەدی فەرمایشتی خۆشەویست‌و سەروەرمانە (ﷺ)، کە دەفەرمووێت: (مَنْ طَلَبَ الْعِلْمَ لِيُبَاهِيَ بِهِ الْعُلَمَاءَ أَوْ لِيُمَارِيَ بِهِ السُّفَهَاءَ أَوْ لِيَصْرِفَ بِهِ وُجُوهَ النَّاسِ إِلَيْهِ فَهُوَ فِي النَّارِ)[٥]، واتە: (هەر کەسێك زانست داوا بکات بۆ خۆ پێ هەڵکێشان بەسەر زانایاندا، یان بۆ دم بە دمە پێکردنی لەگەڵ نەفامو نەزانەکان، یاخود تا بەهۆیەوە ڕووی خەڵکی بە لای خۆیدا وەرچەرخێنێت ئەوا بۆ ناو ئاگرە).

هەروەکو زانایانی شوێنکەوتەش دەربارەی کەسێك کە بەدوای ناوبانگو خۆدەرخستندا بگەڕێت فەرموویانە: دوورە لە خۆپارێزیو لەخوا ترسی، بۆ نمونە (بشر الحارث) فەرموویەتی:(ما اتَّقَى اللهَ مَنْ أَحَبَّ الشُّهْرَةَ)[٦]، واتە:(هەر کەسێك شۆرەت‌و ناوبانگی خۆش بوویێت‌و ئیشی بۆ بکات ئەوا پارێزکاریو تەقوای خوای ئەنجام نەداوە)، ئاخر خۆشویستنی خۆدەرخستن بەڵایەکەو دیمەن گەلێکی هەیە، جا دەبینیت کابرا هەمیشە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە باشترینی خەڵکەو لە هەمووشیان بیرمەندترە، بۆیەش پێیوایە هەردەم شایستەی لای سەرەوەیەو حەزیش دەکات لە شوێنی بەرچاوو دیار دەربکەوێت؛ چونکە لە ناخیدا هەست‌و هەڵپەی باشترینی هەیە بەسەر خەڵکیدا لە هەموو بارو دۆخەکان، زۆریش سورە لەسەر بۆچوونەکەیو لێی نایەتە خوارەوە با دەریش کەوێت ناهەق‌و ناڕەوایە هەر مل نادات‌و لوت بەرزی دەنوێنێت لە ئاست ڕاستیدا.




هەروەکو ئەو بەڵایە وا لە مرۆڤ دەکات کە هاوبەشیو پشکداری لەبارو ئەرێنی نەنوێنێت کاتێك ژێردەستەیە، بەڵکو ڕەخنە دەگرێت لەوەکانی ترو زۆر بە شان‌و باڵی خۆیو دەستکەوتەکانیدا هەڵدەڵێت‌و بێژەکانی:(من و لای من و بۆمنی)، زۆرە!! وهەردەم تێکۆشانیش دەکات بۆ شکست پێهێنانی تێکرای پڕۆژەو دەست پێشخەریو بیرو بۆچوونە دروستەکان کە لە جگە لە خۆیەوە بێت، زۆریش زیادەڕۆیی لە خۆیدا دەکات‌و بەس باسی ئەزموونەکانیەتیو هەر بۆچوون‌و ڕا لارو چەوتەکانی خۆی پێ پەسەندە!! بگرە خراپیش مامەڵە لەگەڵ گەورەکاندا دەکات‌و لە

(٥) (حسن) انظر حديث رقم:٦٣٨٢، في صحيح الجامع.

(٦) سِيَر أعلام النبلاء، للذَّهبي:١٠/ ٤٧٦.

ئەرکە بچووکەکانیش کە خۆدەرخستنی بۆ مسۆگەر نابێت تێیاندا خۆی دەدزێتەوەو پاساو دەهێنێتەوەو گاڵتە جاڕیشە بە هاوڕێ‌و دۆست‌و بیرکردنەوە تەندروستەکانیشیان.

**ئەم بتە بشکێنە..**

وێنە گەلێکی ترسناک کە پێویستە لەسەر تاک فڕێیان بدات‌و لە خۆیان دووربخاتەوەو بەچاوی خۆ بە گەورە زانین لە خۆی نەڕوانێت‌و پێی وانەبێت شتێکی زیاتر لای ئەوەو بۆیە لە خەڵك باڵاترە؛ چونکە ئەو دیمەنە ناشیرینە وا لە بەندە دەکات گرفتی بۆ دروست بێت لەمەڕ بۆ خوا بوونی شتەکان، لەبەرئەوەی دڵسۆزی نواندن تەنها لە ڕووکردندا نییە، بەڵکو لە داوای یارمەتی کردنیش دایە لە خوای مەزن‌و کار لەجێ‌، ئاخر پێویستە بەندە نیاز پاك بێت لە کردەوەکانی‌و ڕووکردنە خوای گەورە لەوەی پێی هەڵدەستێت لە کارو کردەوەکان‌و تێیاندا داوای یارمەتی بەس لە خوا بکات، خۆ کەوا بزانێت خۆی پێگەیشتووەو دەتوانێت ئیشەکانی خۆی بۆ خۆی ڕایی بکات‌و پشت بە خۆی دەبەستێت‌و تواناکانی بەسن! لێرەدا دەبینین ئاخۆ چۆن لەبەر چاوانی خۆی لێ‌ گۆڕاوەو گەورە بووە تا وای لێهاتووە ئەوەی لێ‌ بووەتە بتێکی ناوخۆیی‌و بە پیرۆزی دەزانێت‌و داوای فریاکەوتنیشی لێ‌ دەکات لە هەستانی بە کردەوەکانی، ئەوەش ترسناکترین جۆرەکانی شەریك بڕیاردانی ون‌و پەنهانە! کە خاوەنەکەی دوور دەخاتەوە لە سەرکەوتن‌و پشتیوانی خوا..

هۆکار زۆرن کە پاڵ‌ نەری مرۆڤن بۆ خۆدەرخستن، گرنتگرینیشیان لە دەستدانی ئامانجی ڕاستەقینەیە لە ئەنجامدانی کارو کردەوەکان، کە ئەویش بریتیە: لە ڕەزامەندی خوای بێ‌ هاوەڵ‌و هاوتا؛ چونکە مرۆڤی وا دەبینیت مەبەستی کردەوەکەی لەبیر دەچێت، هەروەکو لە بەهەشتیش مرۆڤی وات چنگ دەکەوێت بەسەرووی خەڵکێکی ترەوەیە لە دەرەنجامی ڕەچاوکردنی ئەوەی وتمان، سەرباری سروشتی پەروەردەی خێزانی‌و بێ‌ ئاگایی لە چارەکردنی ئەو دەردە هەر لەسەرەتاوە، چۆن دەبینین زۆرێك لەوانەی دەکەونە ناو تۆڕی ئەو دەردەوە ئەوانەن کە زۆر سەرقاڵ‌و خاوەن ئیشن لە بوارە گشتیەکانداو ڕاستەوخۆ لەگەڵ‌ خەڵکیدا بەریەك دەکەون‌و نەفسیشی دنەو هانی دەدات بۆ دەرخستنی تواناکانی..

**توانستی مرۆڤ لای خۆی..**

بۆ چارەسەرو هەتوانی ئەو بەڵا کوشندەیە پێویستە لەسەر کەسی پەروەردەکار ئەوە لە دڵی تاکەکان بچێنێت کە هەر کاتێك مرۆڤ خۆی بە گەورە زانی‌و لە خۆی گۆڕا ئەوا لای خوای تەعالا بچووك دەبێت، بۆیەش پێویستیەکی بەڵگە نەویستە ڕواندنی واتاکانی خۆ بۆ خوا یەکلاکردنەوەو خۆ بەکەمگرتن‌و وازهێنان لە شوێن کەوتنی سنگ ڕەپێش کردن لە دڵی بەندەدا، ئاخر سەرسامبوون بە خود قێزەونترینی دیمەنەکانە کە شایستەو داخوازکراوە ئادەمیزاد خۆی لێ‌ بەدووربگرێت، لەبەرئەوەی بەڵایەکی لەناوبەرو بەئێشە، سەرەڕای کەمکردنەوەی دانە پاڵی لێپرسراویەتی بۆ لای تاك، بەتایبەت لە کارە هەرەوەزی‌و گشتیەکاندا، وڕوون‌و ڕۆشن کردنەوەی گەورەیی لێپرسراویەتی لای پەروەردگار بۆ کەسێك کە ئەرکێکی خرابێتە ئەستۆ، وڕواندنی ماناکانی نیازپاکی‌و هۆشداری‌و وریایی لە نەخۆشیە دەروونیە زیان بەخشەکان، وەکو سەرسامبوون بە خودو ڕواڵەت‌و ڕیا ئەنجامدان، وە پێویستیشە ستایش‌و پێداهەڵگوتن نەکرێت بۆ هاوڕێکان لە بەرامبەر یەکتریدا، بەڵکو هەوڵ‌ بدرێت خاوەنی ئەو بەڵاو دەردە تەکلیف بکرێت بۆ کارە ئیمانیەکان کە هەمیشە مرۆڤ دەبەستێتەوە بە خوای ئاسمانەکان‌و زەوی بۆ هاتنە کایەی واتای بەندایەتی‌و جێگیر کردنی ئیخلاص‌و خۆ یەکلا کردنەوە.

**جیهاد قادر، ز.قاهیرە، وڵاتی میسر.**

# نوسینەوەی فەرمووده لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)،

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبيّنا وعلى آله وصحبه أجمعين .أمَا بعد:**

**بەپشتیوانی خوای گەورە ئەم جارە باس لەبابەتێك دەکەم کە زۆرێك لە موسوڵمانان لێی بیٚ ئاگان ئەویش نوسینەوەی فەرموودەیە لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)، ئەوەی لەناو موسوڵماناندا باوە ئەوەیە کە لەدوای سەد ساڵ لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی عبدالعزیز فەرموودە بۆ یەکەم جار نووسراوەتەوە، بەڵام ئەم بۆچوونە ڕاستنیە چونکە هەر لەسەردەمی هاوەڵاندا چەند هاوەڵێك فەرموودەیان نووسیوەتەوە، وەنوسینەوەی فەرموودەیش هۆکارێکە لەو هۆکارانەی کەفەرموودەیەکی زۆر لەلایەن هاوەڵە بەڕێزەکانەوە گەیشتووە بەئێمە، وەك چۆن ئەبوهورەیرە ڕەزای خوای لێبیٚ فەرموویەتی ( هیچ کەس لەهاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) نیە کە فەرمودەی لەمن زیاتر گێڕابێتەوە،جگە لە عبدالله ی کوڕی عەمر نەبێت ، چونکە ئەو دەی نوسییەوە من نەم دەنوسییەوە )** صحيح البخاري١١٣ **،ئەمەش خۆی بۆ خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لە هاوەڵان هەبووە کەفەرمودەیان نوسیوەتەوە، وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی :** (قيدوا العلم بالكتابة ) صحيح الجامع الصغير للشيخ الألباني ٤٤٣٤

**واتە: زانست ببەستنەوە بەنوسینەوە. وە عبدالله ی کوڕی عەمر دەگێڕێتەوە دەڵێت من هەموو شتێکم دەنووسییەوە کە لە پێغەمبەر (ﷺ) بم بیستایە بۆ ئەوەی لەبەری بکەم قوڕەیش بە وتەکانیان ڕێگریان لێم دەکرد دەیان وت: تۆ هەموو شتێك کە دەی بیستی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) ئەی نوسیتەوە.**

**وە پێغەمبەر (ﷺ) مرۆڤە لە کاتی توڕە بوون و ڕازی بوونیش قسە دەکات ، ئەمیش دەڵێت وازم لە نوسینەوە هێناو قسەکانی ئەوانم بۆ پێغەمبەر (ﷺ) گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی:**( اكتب فو الذي نفسي بيده ما خرج منه إلا حق و أشار بيده إلى فيه)صحيح الجامع للشيخ الألباني ١١٩٧ **واتە: فەرمووی بنوسە بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە لێیەوە دەر ناچێت جگە لە ڕاستی(بەدەستی ئاماژەی بۆ دەمی کرد).**

**وە لە صەحیحی بوخاری و موسلیم دا هاتووە کەپێغەمبەر وتاری داوە پیاوێکی خەڵکی یەمەن ناوی ئەبی شاە بووە هەستاوە بە پێغەمبەری وتووە (ﷺ) بۆمی بنوسە ئەی پێغەمبەر (ﷺ) مەبەستی وتارەکەبووە پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمویەتی ( اكتبوا لأبي شاه ) بینوسن بۆ ئەبی شاە** .(صحيح البخاري ٢٤٣٤- صحيح المسلم ٣٢٩٢).

**وە کۆمەڵێك فەرمودەی تریش هەیە کە بەڵگەن لەسەر نوسینەوەی فەرمودە لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بەڵام بۆ ئەوەی بابەتەکەمان زۆر درێژ نەبێتەوە لێرەدا باسی ناکەین.**

**وە هاوەڵان نوسینەوەیان هەبووە لەوانە:**

١-صحيفة علي بن أبي طالب: وقد ذكر خبرها البخاري في تسعة مواضع من " صحيحه "

٢-صحيفة عبد الله بن عمرو بن العاص: حيث أذن له النبي – صلى الله عليه وسلم – بالكتابة عنه فكتب عنه هذه الصحيفة، وكان يسميها: " الصادقة "، وهي تضم ألف حديث، كما ذكر ذلك ابن الأثير في " أسد الغابة "

٣-كتاب سعد بن عبادة الأنصاري – رضي الله عنه –، سيد الخزرج.

٤-صحيفة جابر بن عبد الله بن عمرو بن حرام الأنصاري – رضي الله عنه –

٥-صحيفة رافع بن خديج الأنصاري – رضي الله عنه –

٦-الصحيفة التي أمر النبي – صلى الله عليه وسلم – بكتابتها في السنة الأولى من الهجرة في بيان حقوق المهاجرين والأنصار واليهود وعرب المدينة.

**ئومێد حەمزە**

**دەرچوی ڕوپێوی - پەیمانگای تەکنیکی کەلار**

# ئومێدت بە ڕەحمی خوای گەورە هەبێت و لە سزاکەشی بترسە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

لەڕاستیدا مرۆڤی موسوڵمان دەبێت هەموو چرکەساتێکی ژیانی لەنێوان دووشتدا بەسەربەرێت ئەویش یەکەمیان بریتیە لەترسان لەخوای گەورە و ئەویتریشیان بریتیە لە ئومێدبوون بەڕەحمەتی خوای پەروەردگار..هەربۆیە زانایان فەرموویانە دەبێت مرۆڤی موسوڵمان وەکو باڵندە ئەم دوو سیفەتە وەکو دووباڵ بەکاربهێنێت بۆئەوەی هەرگیز نەکەوێتە ناو هیچ تاوانێکەوە و هەروەکو چۆن باڵندە دەبێت هەدووباڵی بەکاربهێنێت بۆئەوەی بەجوانی و ڕێکی بفڕێت..لێرەشەوە خوای پەروەردگار زۆر بەجوانی ئەم دووسیفەتەی لەقورئانی پیرۆزدا ڕوون کردووەتەوە و هەروەکو لەباسی ڕەحمەتەکەیدا فەرموویەتی﴿وَمَنْ يَقْنَطُ مِنْ رَحْمَةِ رَبِّهِ إِلاَّ الضَّالُّونَ﴾ سورة الحجر ٥٦.

واتە کێ هەیە لەڕەحمەتی پەروەردگاری بێئومێد ببێت مەگەر کەسانێك کەوا گومڕاو سەرگەردانن.وە خوای پەروەردگار لەسەر زاری پێغەمبەر یوسف(علیه السلام) دەفەرمووێت : ﴿وَلا تَيْئَسُوا مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِنَّهُ لا يَيْئَسُ مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ ﴾ سورة يوسف٨٧.

واتە : لەسۆز و میهرەبانی خوا بێئومێد مەبن چونکە بەڕاستی کەس بێئومێدنابێت لەسۆزو میهرەبانی خوا تەنها کەسانی بێباوەڕنەبێت..

بەڵام ئەوەتا لەهەمان کاتدا خوای پەروەردگار باسی سزای خۆی دەکات بۆئەو کەسانەی کەوا هەرچەندە خراپە دەکەن بەڵام هەر لەخواناترسن و بەگومانی خۆیان سزای خوای گەورە نایانگرێتەوەو هەروەکو دەفەرمووێت﴿ أَفَأَمِنُوا مَكْرَ اللَّهِ فَلا يَأْمَنُ مَكْرَ اللَّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الْخَاسِرُونَ﴾سورة الاعراف٩٩. واتە: ئایا ئەوانە بێباك بوون و وادەزانن مەکری خوا نایانگرێتەوە نەخێر کەس نییە بێباك بێت لە مەکری خوای گەورە تەنها ئەوانە نەبێت کەوا خەسارۆمەند و سەرلێشێواون.

وەهەروەها پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەچەندین فەرموودەی شیریندا ئەم باسەمان بۆدەکات و ئاماژە بۆئەوە دەکات کەوا موسوڵمان دەبێت لەخوا بترسێت و ئومێدی تەواویشی بە ڕەحمەتی خوای پەروەردگار هەبێت. هەروەکو پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێت : (("لو يعلم المؤمن ما عند الله من العقوبة، ما طمع بجنته أحد. ولو يعلم الكافر ما عند الله من الرحمة، ما قنط من جنته أحد))رواه مسلم .




واتە:—ئەگەر کەسی ئیماندار بیزانیایە کەوا چی سزایەك لای خوای گەورە هەیە ئەوا هیچ تەماحێکی بۆ بەهەشتەکەی نەدەبوو،وە ئەگەر بێباوەڕیش بیزانیایە کەوا چی ڕەحمەتێك لای خوای گەورە هەیە ئەوا هەرگیز لەڕەحمەتی خوا بێئومێد نەدەبوو.

وەهەروەها دەفەرمووێت : ((الجنة أقرب إلى أحدكم من شراك نعله، والنار مثل ذلك)).صحيح البخاري .

واتە بەهەشت نزیکترە لە هەریەکێکتانەوە لە قەیتانی نەعلەکەی ، و دۆزەخیش بەهەمان شێوەیە.

هەربۆیە براو خوشکی خوێنەرم لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون بوویەوە کەوا مرۆڤی باوەڕدار دەبێت ئومێدی تەواوی بەخوای پەروەردگار هەبێت و ئەمەش وای لێبکات کەوا بەردەوام داوای ڕەحم و بەزەیی لەخوای پەروەردگاری بکات و دڵنیابێت کەوا هیچ کردەوەیەکی چاك ناکات ئیللا خوای پەروەردگار پاداشتی تەواوی دەداتەوە و دەبێت چاك بزانێت کەوا هەرکاتێك تەوبەیەکی ڕاستەقینەی کرد و داوای لێخۆشبوونی

لەخوای پەروەردگارکرد ئەوا خوای پەروەردگار تەوبەکەی لێوەردەگرێت و لێیخۆش دەبێت.وە دەبێت ئەوەش بزانین کەوا خوای پەروەردگار سزاو تۆڵەی سەخت و بەئێشە بۆئەوانەی کەوا خراپەکارو ستەمکارن و تۆبەش ناکەن و دەست هەڵناگرنەوە لەو تاوانانەی کەوا ئەنجامی دەدەن،وەنابێت ئێمەش وەکو ئەو کەسانەبین کەوا بەردەوام خەریکی تاوانن و خۆئەگەر پێشیان بڵێیت بگەڕێنەوە بۆلای خوا ئەوا دەڵێن خوا بەڕەحمە و خوا کەریمە!!..بەڵێ بەڕەحمە بەڵام بۆ ئەوانەی کەوا چاکەکارن و ئەگەر تاوانێکیشیان ئەنجامدا ئەوا بەردەوام دەگەڕێنەوە بۆلای خوا..لەکۆتایشدا داواکارم لەخوای زانا و کاربەدەست کەوا بەڕەحمی خۆی بەهەشتمان بەنسیب بکات و لەسزای دۆزەخیش پەناهەندەمان بێت.

**محمد نجم صالح /کۆلێژی پزیشکی / زانکۆی سلێمانی**

==============================

## تا ئێستا ئەمەت زانیوە؟!!!

خوێنەری بەڕێز..

دەزانن ئێمە بە جەژنی سەری ساڵ لاسایی چ میللەتێك دەكەینەوە؟ لاسایی گاورەکانی پێدەكەینەوە، عەقیدەیان چۆنە گاورەکان؟

عیسا بە خوا دەزانن، هەندێکیان دەڵێن: نا کوڕی خوایە، هەندێکیان دەڵێن: ثالث ثلاثة، سێیەمی سێ خواکە، باوك ومەریەم وعیسا –پەنا بەخوا لەم کوفرە گەورانە–.

خوا سبحانە وتعالی لە بارەیانەوە دەفەرموێ: ﴿وَقَالَتِ النَّصَارَى الْمَسِيحُ ابْنُ اللَّهِ﴾ واتە: «نەصرانیەکان ئەڵێن عیسا کوڕی خوایە».

هەروەها دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ﴾، واتە: «سوێند بەخوا کوفریان کرد ئەوانەی وتیان: خوا عیسای مەسیحی کوڕی مەریەمە».

هەروەها دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلَّا إِلَهٌ وَاحِدٌ وَإِنْ لَمْ يَنْتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ واتە: «سوێند بەخوا کوفریان کرد بەخوا ئەوانەی وتیان خوا: «ثالث ثلاثة»یە، سێیەمی سێ خواکەیە، خوا ومەریەم وعیسا».

تەنانەت عیسا لە قیامەت لەسەر ئەم بیروباوەڕەیان تەبەڕا وحاشایان لێدەکات

لاسایی کەسانێك دەكەیتەوە کە عیسا بە کوڕی خوا دەزانن؟! پەنا بەخوا لەو کوفرە گەورە.

ئاهەنگ دەگێڕن لەگەڵ ئەوانەی دەڵێن عیسا کوڕی خوایە؟

بەڵکو خۆیان خیلافیان هەیە، هەندێکیان دەڵێن خوایە، هەندێکیان دەڵێن کوڕی خوایە، هەندێکیان دەڵێن سێ یەمی سیانەکەیە. ئەمانەش شیرکن، گەورەترین تاوانیش لە دینەکەی تۆی موسڵماندا شیرکدانانە بۆ خوا

**ئا / زانست**

